ڕەوشی ڕۆژنامەنووسی و مافەکانی ڕۆژنامەنووسان لەماوەی ساڵی (2012)دا

ڕاپۆرتی ساڵانەی

(پرۆگرامی میدیای ئازاد)

سەر بە

(ئەنستتیوتی کوردستان بۆمافەکانی مرۆڤ)

ڕەوشی ڕۆژنامەنووسی و مافەکانی ڕۆژنامەنووسان

لەماوەی ساڵی (2012)دا

پێشەکی

ڕەوشی ڕۆژنامەنووسی و ئازادی دەربڕین  کە یەکێکە لە پێوەرە گرنگەکانی هەڵسەنگاندنی مافەکانی مرۆڤ بەگشتی، لەهەرێمی کوردستان پێشێلکاری زۆر و جۆراوجۆری تێدایە. هەورەک لە ساڵی رابردوودا  چەندین پێشێلکاری بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان ئەنجامدراوە، هەر لەهەڕەشەکردن و ڕێگریکردن لەکارەکانیان تا دەستگیرکردن و لێدان و لێسەندنی کەل و پەل و زیندانی کردنیان (...هتد) .  لە ڕاستیشدا هەوڵی زۆر هەیە بۆ ڕێگرتن لەو پێشێلکاریانە لەلایەن ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان و بەردەوام کار دەکەن بۆ کەمکردنەوەو بەدواداچوونی ئەو  پێشێلکاریانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەتوانراوە  پێش لەو پێشێلکاریانە بگیرێت و تا ئێستا لیستی پێشێلکاریەکان بەردەوام درێژ دەبێەوە.

هەتا یاسای ڕۆژنامەگەریش لەهەرێمی کوردستان تارادەیەکی پێویست  نەیتوانیوە مافەکانی ڕۆژنامەنووسان بپارێزێت  و پێشێلکاریەکان نەهێلێ ، چ بەوەی زۆر جار خودی یاساکە جێبەجێناکرێت لە لایەن کارمەند و بەرپرسە ئەمنیەکانەوە یاخود لەلایەن دادگاکانەوە  بەوەی  بەیاسای تر ڕۆژنامەنووس سزا دەدرێت، چ بەوەی نەبۆتە هۆی دابینکردنی  ڕەوشێکی دڵنیا و ئازادیەکی گونجاو بۆدەستخستنی زانیاری و  دابینکردنی ئاسایشی کار بۆ ڕۆژنامەنوس.  حکومەتی هەرێمی کوردستانیش نەک نەیتوانیوە ئەو پیشێلکاریانە کەم بکاتەوە بەڵکو زۆربەی جار خۆی مافی ڕۆژنامەنووسان پێشێل دەکات و توندوتیژیان بەرامبەر دەکات.

ئەنستتیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ (KIHR) لەماوەی ساڵی (2012) دا  بەرێگا و  میکانیزمی جۆارو جۆر لەهەوڵی بەردەوامدا بووە بۆ ئەوەی ئەو پێشێلکاریانە بوەستێنێ،  هەروەک لەرێگەی چەندین کۆنفرانس و خول و ڕاپۆرت و دیمانە و بەیاننامە و نارەزاییینامە و یاداشت و پرۆگرامی میدیایی کاری کردووە، هەم   بۆ ئەوەی  هۆشیاری بڵاوبکاتەوە بەرامبەر ماف و ئازادیەکانی ڕۆژنامەنووسان و هەم بۆ ئەوەی  بەدواداچوونی قانونی و وورد بکات بۆ پێشێلکاریەکان و بەڕاپۆرت کردنیان بەئامانجی فشارکردن لەسەر  لایەنە جیاجیا و پەیوەستەکان و هاندانیان بۆ هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی  تا پێشێلکاریەکان بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان بوەستێنرێن.

ئەم ڕاپۆرتە لەلایەن تیمێکی تایبەتی  توێژەرانی (پرۆگرامی میدیای ئازاد) سەر بە ( ئەنستتیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ)ەوە ئامادەکراوە ،  باس لە گرنگترین ئەو پێشێلکاریانە دەکات کە لە ساڵی 2012 بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسان کراوە، کە زۆرێک لەو پێشێلکاریانە لەزاری ڕۆژنامەنووسەکان خۆیانەوە تۆمارکراوە  لە رێی پرکردنەوەی فۆرمێکی تایبەت بە پێشێلکاریەکان بەشێوەیەکی زانستی. ئەو ڕۆژنامەنووسانەی پێشێلکاریان بەرامبەر کراوە لە دەزگای جۆاروجۆری  ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە و سایتی ئەلکترۆنی، لە دەفەری جۆراوجۆر، هەم لە میدیا سەربەخۆکان و هەم لەمیدیای حیزبە سیاسیەکان کاردەکەن. ئامانجی سەرەکی لەم ڕاپۆرتە گەشەپێدانی ئازادی ڕۆژنامەگەری و نەهێشتنی ئەو پێشێلکاریانەیە کە دژ بە مافەکانی ڕۆژنامەنوسان ئەنجامدەدرێن و تائێستاش بەردەوامن. ئەمەش لەرێگەی تۆمارکردن و پیشاندانی زانستیانەی پێشێلکاریەکان و هاندانی لایەنە پەیوەندەکان و دەسەڵاتەکان لەهەرێمی کوردستان  بۆ بەدواداچوون و وەستاندنی ئەو پێشێلکاریانە و ڕێگەگرتن لەدوبارەبونەوەیان لەرێگەی سزادانی یاساییانە و عادیلانەی هەموو ئەو لایەنەنانەی پێشێلکاریان بەرامبەر ماف و ئازادیەکانی ڕۆژنامەنووسان  ئەنجامداوە.

ئێمە لە ( ئەنستتیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ ) لەگەڵ ئیدانەکردنەوەی سەرجەم ئەوپێشێلکاریانە، جەخت دەکەینەوە لەسەر ئەوەی کە پاراستنی گیان و ماف و ئازادیەکانی رۆژنامەنووسان بەرپرسیارێتی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی دەسەڵاتەکانە لەهەرێمی کوردستان، هیوادارین لەئاست ئەو بەرپرسیارێتیەدا بن و سنورێک بۆ پێشێلکاری و توندوتیژیەکان دژ بەرۆژنامەنووسان دابنێن.

ئاماری پێشێلکاریەکانی بەرامبەر بە رۆژنامەنووسان

لە ماوەی ساڵی 2012 پێشێلکاریەکان دژ بە رۆژنامەنووسان بەسەر چەندین جۆر دابەش بوون لەوانە:

- (21) کەیسی پێشێلکردنی ئازادی رۆژنامەنوسی و رێگریکردن لەکاری رۆژنامەنووسان.
- (13) کەیسی دەستدرێژی کردنە سەر،سوکایەتپێکردن و توندوتیژی جەستەیی دژ بە رۆژنامەنوسان.
- (10) کەیسی هەرەشەکردن و فشارکردن لە رۆژنامەنوسان.
- (16) کەیسی دەستگیرکردن و بەند کردن.
- پشتگوێخستنی کەیسەکانی پێشێلکاری دژ بە رۆژنامەنوسان لەلایەن لایەنە فەرمیەکانەوە.

یەکەم \\کەیسەکانی پێشێلکردنی ئازادی رۆژنامەنوسی و رێگریکردن لەکاری رۆژنامەنووسان:

1-رۆژنامەنووس (فەرمان محەمەد) پەیامنێری کەناڵی(NRT) ،و (ئەحمەد شوانی) وێنەگری کەناڵی (NRT) بەرواری 2012/10/8 لەکاتی خۆپیشاندانی کەسوکاری قوربانیانی شەری ناوخۆ لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان رێگریان لێدەکرێت لە روماڵکردنی خۆپیشاندانەکە و سوکایەتیان پێدەکرێ و لە شوێنەکە دوور دەخرێنەوە .

2-رۆژنامەنووس (هیمداد قادر ئەحمەد) پەیامنێری) تەلەفزیۆنی (KNN لەبەرواری 2012/2/14 لەکاتی روماڵکردنی خۆپیشاندانی بەردەم لقی (10) ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە قەزای سۆرانی سەر بەپارێزگای هەولێر، لەلایەن پاسەوانەکان رێگری لێدەکرێت و هێرشی دەکرێتەسەر و دوای هەرەشە و سوکایەتی دوور دەخرێتەوە.

3-رۆژنامەنووس (عەبدۆ حسین) پەیامنێری) تەلەفزیۆنی(NRT ، لەبەرواری 2012/2/14 لەکاتی روماڵکردنی خۆپیشاندانی بەردەم لقی (10) ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە قەزای سۆرانی سەر بەپارێزگای هەولێر، لەلایەن پاسەوانەکان رێگری لێدەکرێت و هێرشی دەکرێتەسەر و دوای هەرەشە و سوکایەتی دوور دەخرێتەوە.

-4رۆژنامەنووس (فەرمان محەمەد) پەیامنێری) تەلەفزیۆنی(NRT ، ئیبراهیم عەدنان وێنەگری (تەلەفزیۆنی NRT) ، لە ڕێکەوتی 2012/1/10 لەکاتی ڕووماڵکردنی گردبوونەوەیەکی ناڕەزایی لەپێش کونسوڵخانەی تورکیا لەشاری هەولێر لە لایەن چەند کەسێک بە جل و بەرگی مەدەنی و سەربازیەوە هێرش دەکرێتە سەریان و سوکایەتیان پێدەکرێت و ڕێگریان لێدەکرێت .

-5رۆژنامەنووس (زمناکۆ ئیسماعیل) پەیامنێری (سایتی سبەی) ، رۆژی 2012/4/8 لەکاتی رومالکردنی خۆپیشاندانی کۆمەڵێک هاوڵاتی لەبەردەم مەڵبەندی (1) ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ هەرەشەی لێدەکرێت و ڕێگەی لێدەگرن تا ڕووماڵی خۆپیشاندانەکە نەکات.

-6رۆژنامەنووس (جوانرۆ محەمەد) لە (رادیۆی گۆڕان) ، رۆژی 2012/4/8 لەکاتی رومالکردنی خۆپیشاندانی کۆمەڵێک هاوڵاتی لەبەردەم مەڵبەندی (1) ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ،لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ هەرەشەی لێدەکرێت و ڕێگەی لێدەگرن تا ڕووماڵی خۆپیشاندانەکە نەکات.

-7رۆژنامەنووس (ئازاد تۆفیق) لە (ڕادیۆی خەڵک) ، رۆژی 2012/4/8 لەکاتی رومالکردنی خۆپیشاندانی کۆمەڵێک هاوڵاتی لەبەردەم مەڵبەندی (1) ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ هەرەشەی لێدەکرێت و ڕێگەی لێدەگرن تا ڕووماڵی خۆپیشاندانەکە نەکات.

-8رۆژنامەنووس (جەلال محمد) پەیامنێری (کەناڵی پەیام) ، رۆژی 2012/4/8 لەکاتی رومالکردنی خۆپیشاندانی کۆمەڵێک هاوڵاتی لەبەردەم مەڵبەندی (1) ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ هەرەشەی لێدەکرێت و ڕێگەی لێدەگرن تا ڕووماڵی خۆپیشاندانەکە نەکات.

-9رۆژنامەنووس (ئامانج ئیسماعیل) پەیامنێری) کەناڵی(KNN ، رۆژی 2012/7/23 لەکاتی رۆمالکردنی مانگرتنی فەرمانبەرانی کۆمپانیای نەوتی قەرەتەپە لە ناحیەی چوارقورنە هێزەکانی پۆلیس بەهەرەشە و فشار ڕێگەی نادەن ڕووماڵی خۆپیشاندانەکە بکات.

-10رۆژی 2012/8/1 لەکۆبوونەوەی نێوان سەرۆکی هەرێمی کوردستان (مەسعود بارزانی) و وەزیری دەرەوەی تورکیا (ئەحمەد داود ئۆغلۆ) ، رۆژنامەنووسانی کورد ڕێگەیان پێنەدرا ڕووماڵی کۆبوونەوەکە بکەن،هەرچەند لەکاتژمێر 3:30 تا 9:30 لە چاوەڕوانی مابوونەوە، لەکاتێکدا رۆژنامەنووسانی تورکیا لەژووری کۆبوونەوە ڕووماڵی کۆبوونەوەکەیان کردبوو، جگە لەوەش بریاروابوو کە کۆنگرەی رۆژنامەوانی ئەنجام بدەن، بەڵام کۆنگرەکە رۆژنامەوانییەکەش ئەنجام نەدرا.

-11رۆژی 2012/8/26 ڕێگە لە کۆمەڵێک رۆژنامەنووسی دەزگای راگەیاندنی جۆراوجۆر دەگیرێت کە ڕووماڵی خۆپیشاندانی هاولاتیانی دەڤەری قەندیل بکەن لە نزیک قەزای سۆران دژی تۆپبارانکردنی ناوچەکە لەلایەن سوپای تورکیا، هەندێک لەو دەزگایانە بریتی بوون لە) کەناڵیKNN ، کەناڵیNRT ، کەناڵی گەلی کوردستان.(

-12لە بەرواری 2012/11/7 لەلایەن بازگەی ئاسایشی (گۆجار) لە قەزای سۆران ، ڕێگە لەژمارەیەک رۆژنامەنووسانی دەزگاکانی راگەیاندن دەگیرێت کە برۆن بۆ بناری قەندیل بۆ ڕووماڵکردنی شوێنەواری بۆردومانی هێزەکانی تورکیا، دەزگاکانیش بریتیی بوون لە )سایتی خەندان، زاری کرمانجی، فورات نیوز، رۆژنامەی هاوڵاتی، کەناڵی.(KNN

-13رۆژنامەنووسان: هیمداد قادر پەیامنێری (کەناڵیKNN) ، زۆزگ چۆمانی پەیامنێری (رۆژنامەی هاوڵاتی) ، راماڵ قەسرەیی پەیامنێری (سایتی خەندان) ، لەبەرواری 2012/11/9، لەلایەن بازگەی ئاسایشێ (گۆجار) ڕێگەیان لێدەگیرێت ڕووماڵکردنی شوێنەواری بۆردومانکردنی گوندەکانی بناری قەندیل لەلایەن هێزەکانی تورکیاوە بکەن.

-14رۆژنامەنووسان ئەیاز ئەکرەم پەیامنێری (کەناڵیNRT) ، شۆرشڤان دۆسکی وێنەگری (کەناڵی (NRT ، لەبەرواری 2012/11/9 لەکاتی ڕووماڵکردنی دابەشکردنی یارمەتی خێرخوازی بەسەر ئاوارە کوردەکانی رۆژئاوای کوردستان لەشاری دهۆک، لەلایەن پاسەوانەکانی کەمپی دۆمیز ڕێگریان لێدەکرێت و دوو دەخرێنەوە.

-15رۆژنامەنووس (دیلان رەئوف ساڵح) پەیامنێری تەلەفزیۆنی (گەلی کوردستان) لە سلێمانی ، لەبەرواری 2012/9/11لەکاتی ڕووماڵکردنی پشکنینی چێشتخانەکان لەلایەن لێژنەی چاودێری حکومەت، لەلایەن خاوەن و کارمەندانی چێشتخانەیەک ڕێگری لێدەکرێت و هێرشی دەکرێتە سەرو دوای سوکایەتی پێکردن کەل و پەلە رۆژنامەوانییەکانی لێدەشکێندرێت.

-16رۆژنامەنووسان: (زمناکۆ ئیسماعیل) پەیامنێری (سایتی سبەی) و (هەڤاڵ محەمەد) پەیامنێری (رۆژنامەی میدیا) ، لە بەرواری 2012/9/24، لەکاتی کۆبونەوەی نێوان (مام جەلال\ سەرۆک کۆماری عێراق) و (نەوشیروان مستەفا \ ڕێکخەری بزتنەوەی گۆران) لەلایەن پاسەوانەکانی ماڵی سەرۆک کۆمار دوور دەخرێنەوە بەشێوەیەکی ناشایستە و ڕێگەیان پێنادرێت زانیاریان دەست بکەوێت.

17-رۆژنامەنووس (شۆرەشڤان دۆسکی) وێنەگری) کەناڵیNRT) ، لە بەرواری 2012/11/11 لەلایەن کارمەندێکی ئاسایشی دهۆک لەکەمپی دۆمیز سوکایەتی پێدەکرێت و هەرەشەی لێدەکرێت و ڕێگەی لێدەگیرێت کە وێنە بگرێت.

18-رۆژنامەنووس (میدیا دەرسیم) ، لە بەرواری 2012/11/15 بەمەبەستی ڕووماڵکردنی خۆپیشاندانی پشتیوانی خەڵکی شارۆچکەی قەسرێ بۆ کوردانی باکور، لەلایەن بازگەی ئاسایشەوە ڕێگریان لێدەکرێت.

19-رۆژنامەنووس (هیوا ئەبوزێد) پەیامنێری تەلەفزیۆنی (بادینان سات) ،میدیاکار ماهر سەبری وێنەگری بادینان سات، بەرواری 2012/11/29 لەلایەن هێزەکانی ئاسایش و پاسەوانەکانی کەمپی دۆمیز بۆماوەیەک رادەگیرێن و کاسێتەکەیان دەپشکنن و ڕێگەی کارکردنیان پێنادەن.

20-رۆژنامەنووس (جەلال ئەحمەد کاکە ئەمین) لەخانەی سەهەند بۆ راگەیاندن و بڵاوکردنەوە، بەرواری 2012/7/10 لەلایەن پاسەوانەکانی ماڵی جێگری سەرۆکی هەرێم ڕێگەی کارکردنی لێدەگیرێت.

21-رۆژنامەنووسان : (جوانرۆ محەمەد)پەیامنێری (سایتی سبەی)،( زریان محەمەد) پەیامنێری( سایتی ئاوێنە)، بەرواری 2012/7/14 لەچالاکیەکی کۆمپانیای LG لەکوردستان مۆڵ  لەکاتی وێنەگرتنی هاتنی ئەکتەرێکی کۆری لەلایەن پاسەوانەکانەوە سوکایەتیان پێدەکرێت و ڕێگەیان پێنادرێت زانیاری وەرگرن و ڕووماڵی چالاکیەکە بکەن .

دووەم \\کەیسەکانی دەستدرێژی کردنە سەر ، سوکایەتی پێکردن  و توندوتیژی جەستەیی دژ بەرۆژنامەنوسان

1.رۆژی 2012/7/1 کۆمەڵێک رۆژنامەنووس لەدەزگا جۆارجۆرەکانی راگەیاندن بەمەبەستی روماڵکردنی مانگرتنی کارمەندانی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی رۆژئاوای شاری هەولێر ،لەلایەن پاسەوانەکان و چەکدارەکانی هێزی زێرەڤانی نەخۆشخانەکەوە، ڕێگریان لێدەکرێت و پاشان پەلاماری رۆژنامەنووسەکانیان داوە و ئازاری جەستەییان داون و چەند رۆژنامەنووسێک بریندار کراون.

ئەم رۆژنامەنوسانەش بریتین بوون لە :

- ئەڵوەند حەمید \پەیامنێری (کەناڵی سپێدە) ، سەیاف ئەحمەد \ وێنەگری (کەناڵی سپێدە)
- بارزان حەسەن\ پەیامنێری) کەناڵی (NRT ، حسام حەمدی \وێنەگری) کەناڵی(NRT
- نەبەرد حسێن \پەیامنێری) کەناڵی(KNN  ، موفید فەیسەل \وێنەگری (کەناڵیKNN)
- هاوکار عەبدورەحمان\ پەیامنیری (کەناڵی کوردسات) ، هۆشیار کاکل \وێنەگری (کەنالی کوردسات)
- هاوکار حەمەد فەوزی\ پەیامنێری (کەناڵی پەیام) ، نیاز مەحمود محەمەد\ وێنەگری (کەناڵی پەیام)
- هەریاد کەریم ئیسماعیل \پەیامنێری (کەناڵی گەلی کوردستان) ، یوسف مستەفا \وێنەگری (کەناڵی گەلی کوردستان)

2.رۆژنامەنووس (جەعفەر حوسێن سالح) پەیامنێری (رادیۆی مەڵبەند) ، رۆژی 2012/9/23 لەکاتی ڕووماڵکردنی خۆپیشاندانێک لەسەر ڕێگای عەربەت_سلێمانی، لەلایەن پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان دەستدرێژی دەکرێتە سەلار و ئازاری جەستەیی دەدرێت.

3.رۆژنامەنووس (هیوا عوسمان) لە (کەناڵی پەیام) لەلایەن پاسەوانەکانی ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامیەوە دەستدرێژی دەکرێتە سەر و سوکایەتی پێدەکرێت و توندوتیژانە لێی دەدرێت.

4.رۆژنامەنووس (سیپان ئامێدی) پەیامنێری) کەناڵی(NRT  ، رۆژی هەینی 21 ی کانونی دووەم2012 لەبەردەم مزگەوتی صلاح الدین الایوبی لەگەڕەکی دیاری لەشاری دهۆک لەکاتی روماڵکردنی هەواڵ ئەفسەرێکی ئاسایش هێرشی بۆ دەهێننت و دوای سوکایەتی پێکردن لێیدەدات و کامێراکەی لێدەستێنێت.

.5رۆنامەنووس (دانا رەزگەیی) پەیامنێری (رۆژنامەی هاوڵاتی) ، لەرۆژی (17) شوبات 2012لە ناو باخی گشتی رانیە   لەلایەن کۆمەڵێک پێشمەرگەوە کە زیاتر بوون لە 12 کەس پەلاماردراوە و وێڕای سوکایەتی و لێ ستاندنی باج و کامیراکەی، بەتوندی ئازاری جەستەیی دەدەن .

.6رۆژنامەنووس (لەتیف دۆسکی) پەیامنێری) کەناڵی (KNN ، رۆژی 2012/3/3 لەکاتی رووماڵکردنی نارەزاییەتیو خۆپیشاندانی کۆمەڵێک لەسەربازەکانی لیوای (8) ی سوپای عێراق لەبەردەم فەرماندەیی پێشمەرگەی دهۆکی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هێرشی دەکرێتە سەر خۆی و وێنەگرەکەی،وتوندوتیژی دژیان بەکاردەهێنرێت و لێیاندەدەنو کامێراکەشیان دەشکێنن‌و دەستی بەسەرا دەگرن.

.7رۆژنامەنووس (سەباح ئەتروشی) پەیامنێری) کەناڵی(NRT ، شۆرِش دۆسکی وێنەگری هەمان کەناڵ ، رۆژی 2012/3/3 لەکاتی رووماڵکردنی نارەزاییەتیو خۆپیشاندانی کۆمەڵێک لەسەربازەکانی لیوای 8ی سوپای عێراق لەبەردەم فەرماندەیی پێشمەرگەی دهۆکی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هێرشیان دەکرێتە سەر و لێیان دەدەنو کامێراکەشیان دەشکێنن و دەستی بەسەرا دەگرن و دوا سوکایەتی دوریان دەخەنەوە.

.8رۆژنامەنووس (کاروان رەحمان) پەیامنێری) کەناڵی(NRT ، زانکۆ تەها وێنەگری هەمان کەناڵ ، رۆژی 2012/8/27 لەکاتی رووماڵکردنی هەواڵێک سەبارەت بە برینداربوونی هاوڵاتییەک لەنەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی، لەلایەن کەسوکاری بریندارەکە کە زۆربەیان ئاسایش بوون رێگریان لێدەکرێت و سوکایەتیان پێدەکرێت و پەلامار دەدرێن و کامیراکەیان دەشکێندرێت.

.9رۆژنامەنووس (کارزان کانەبی) پەیامنێری (رۆژنامەی رووداو) لە بەرواری 2012/12/6 لەکاتی روماڵکردنی یاری تۆپی دەستی نێوان هەولێر و سلێمانی لە هۆڵی چالاکی قوتابخانەکانی پەروەردەی دهۆک، لەلایەن یاریزانەکانی تیپی دەستی سلێمانی هێرشی دەکرێتە سەرو سوکایەتی پێدەکرێت و زیان بە کامێراکەی دەگەیەنن.

.10رۆژنامەنووس (جەعفەر حسێن ساڵح) پەیامنێری) کەناڵی(KNN ،لە بەرواری 2012/9/23 لەکاتی چوونی بۆ روماڵکردنی خۆپیشاندانێک کە لەلایەن هاوڵاتیانی گوندی قەرەتۆغانەوە لەسەر شەقامی عەربەت_ سلێمانی ئەنجامدرابوو لەلایەن پۆلیسی چالاکییە مەدەنیەکانەوە سوکایەتی پێدەکرێت و لێی دەدرێت و رێگەی لێدەگرن رووماڵی خۆپیشاندانەکە بکات.

.11شەوی هەینی 3/23/ 2012 کاتژمێر 9:30 لەشاری سلێمانی تەقە لەبینای رادیۆی دەنگی یەکگرتوو دەکرێت و چەند فیشەکێکی بەردەکەوێت.

.12رۆژنامەنووس (محەمەد رەحیم کەریم) پەیامنێری رادیۆی دەنگ لەقەزای کەلار (سەر بەئیدارەی گەرمیان) ، بەرواری 2012/1/16 لەکاتی پەیوەندیکردنی بەبەرپرسێکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەجوێن‌و قسەی ناشرینی وەڵامی دەداتەوە.

.13رۆژنامەنووس (عادل مەریوانی) پەیامنێری) کەناڵی(KNN ، بەرواری 2012/11/4 لەکاتی رووماڵکردنی خۆپیشاندانێک لەناحیەی وارمای سەر بەقەزای شارەزوور لەناو خۆپیشاندەران هێرش دەکرێتە سەری و کامیراکەی لێدەسەنرێت، دواتر پۆلیس کامیراکەی بۆ وەردەگرێتەوە.

سێهەم : کەیسەکانی هەرەشەکردن تارادەی هەرەشەی کوشتن  و فشارکردن لە رۆژنامەنووسان

.1رۆژنامەنووس (سۆران داودی) پەیامنێری (کەناڵی الحره). بەبیانووی ئەوەی کە هەواڵەکان وەک خۆی ناگوازێتەوە رۆژی 2012/7/15 لەلایەن ئەنجومەنی سیاسی عەرەبی لە کەرکوک هەرەشەی لێدەکرێت.

.2رۆژنامەنووس (جەلال ئەحمەد بەرزنجی) لەگۆڤاری (فەیسبووک) ، لەرۆژی 2012/11/5 لەکاتی ئامادەکردنی راپۆرتێک لەلایەن چەند کەسێکەوە هێرش دەکرێتە سەری و هەرەشەی کوشتنی لێدەکرێت.

3.رۆژنامەنووس (دیلان رەشاد عەبدوللا) پەیامنێری (تەلەفزیۆنی زاگرۆس) ،و (خەلیل قادر رەسول) وێنەگری هەمان تەلەفزیۆن ، رۆژی 2012/6/11 لەکاتی رووماڵکردنی خۆپیشاندانی دەرچوانی کۆلێژی کارگێری و ئابووری لە بەردەم پەرلەمانی کوردستان لەلایەن پۆلیسی پەرلەمان سوکایەتیەتیان پێدەکرێت و هەرەشەیان لێدەکرێت .

4.رۆژنامەنووس (محەمەد حەمەخان) پەیامنێری) کەناڵی(KNN ، (یاسین محەمەد سالح) وێنەگری هەمان کەناڵ ، رۆژی 2012/8/16 لەکاتی رووماڵکردنی گردبوونەوەی کۆمەڵێک هاوڵاتی بەهۆی وەرنەگرتنی مووچە لەنزیک دەزگای شەهیدان لەگەرمیان کادرێکی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان رێگریان لێدەکات و هەرەشەیان لێدەکات کە نابێت هەواڵەکە بڵاو بکەنەوە.

5.رۆژنامەنووس (محەمەد فەریق) سەرنوسەری (گۆڤاری چرکە) ، دوابەدوای بڵاوکردنەوەی (نوسراوێک) گوایە لە مەکتەبی رێکخستنی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە دەرچوە و باس لە هاوکاری دارایی (رۆژنامەی هاوڵاتی) دەکات کە لە ژمارە (81) گۆڤاری چرکە بڵاوبۆتەوە، لە بەرواری 2012/10/20 بە دوو ژمارەی مۆبایلی (0770315792 - 07506971039) هەرەشەی لێدەکرێت و سوکایەتیپێدەکرێت.

6.رۆژنامەنووس (کاوە ئەحمەد محەمەد) لە (گۆڤاری گەران) ، لەبەرواری 2012/7/24 لەلایەن (مەحمود سەنگاوی) کە بەرپرسێکی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە بە مۆبایل سوکایەتی پێدەکرێت و هەرەشەی توندی لێدەکرێت، بەهۆی ئەوەی وێنەی ئەو بەرپرسەی لەگۆڤارەکە بڵاو کردۆتەوە.

7.رۆژنامەنووس (زمناکۆ ئیسماعیل) پەیامنێری (سایتی سبەی) ، لەبەرواری 2012/9/13 بەهۆی بڵاوکردنەوەی هەواڵێک لە (سایتی سبەی) بەتەلەفۆن هەرەشەی لێدەکرێت.

8.رۆژنامەنووس (بەشدار ئەبوبەکر) پەیامنێری (کەناڵی سپێدە) بەهۆی دابەزینی راپۆرتێک لەکەناڵەکەیدا گوایە سوکایەتی بە (نێچیرڤان بارزانی\ سەرۆکی حکومەتی هەرێم) کردووە، بەژمارە مۆبایلێک چەندین جار هەرەشەی کوشتنی لێدەکرێت.

9.رۆژنامەنووسان (ئارام محەمەد رەشید) سەرنووسەری (گۆڤاری هۆنیا) ، (سامان شێخ بابا عەلی) بەرپرسی نوسینگەی (گۆڤاری هۆنیا) لە هەولێر، لە بەرواری 2012/9/22 بە ژمارە مۆبایلێک هەرەشەی کوشتنیان لێدەکرێت بەهۆی بڵاوکردنەوەی وێنەی (مەسعود بارزانی) و (مەلا مستەفا بارزانی) لە گۆڤارەکەیان.

10.رۆژنامەنووس (ابراهیم عباس) سەرنوسەری (ماڵپەری رووبەر نێت) لەمانگی دوانزەی 2012 دا لەلایەن بەرپرسێک لە نوسینگەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان (نێچیرڤان بارزانی) و بەناوی ئەو نوسینگەیەوە چەند جارێک سوکایەتی و بەتوندی هەرەشەی لێدەکرێ .

چوارەم : - حاڵەتی دەستگیرکردن و بەند کردن

1-رۆژنامەنووس ( ئەمیر گۆران) پەیامنێری (کەناڵی )KNN، و ( موفید فەیسەڵ) وێنەگری هەمان کەناڵ ، رۆژی 7ی شوباتی 2012 لەکاتی رووماڵکردنی گردبوونەوەیەکی نارەزایی خێزانی (هاوکار رەئوف) ئەو کوردەی لەزیندانەکانی وڵاتی فەرەنسا مرد، لەپێش کونسوڵخانەی وڵاتی فەرەنسا لەشاری هەولێر لەلایەن هێزەکانی پۆلیس رێگرییان لێدەکرێت ، و نزیکەی 20 پۆلیس بۆ ماوەی کاتژمێرێک لە پێش کونسوڵخانە لەسەر شەقام گەمارۆیان دەدەن و کامێرا و کەرەستەی رۆژنامەوانییان لێدەبەن و دەستبەسەر دەکرێن، دواتر بەهۆی فشاری کەناڵە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکان ئازاد دەکرێن و کەرەستەکانییان پێدەدرێتەوە.

-2رۆژنامەنووس (رەحمان غەریب) پەیامنێری (سۆمەرییە نیوز) و رێکخەری (سەنتەری میترۆ) ، رۆژی 2012/2/17 لەبەردەرکی سەرای شاری سلێمانی، لەکاتی بە ئەنجام گەیاندنی کاری رۆژنامەوانی لەلایەن نزیکەی 20 کەس لەهێزە ئەمنییەکان بە دار و شەق لێی دەدرێت و سوکایەتی پێدەکرێت ، دوای ئەوە کامێرا و مۆبایلەکەی دەبەن و خۆشیٚ دەبەن و دوای چوار کاتژمێر ئازاد دەکرێت.

-3رۆژنامەنووس (عەبدولڕەحمان ئەبووبەکر) پەیامنێری) کەنالی (KNN ، و رێبین جەلال وێنەگری کەنالەکە ، رۆژی 2012/2/17 لەبەردەرکی سەرای شاری سلێمانی، بەر لە ئەنجامدانی کاری رۆژنامەوانی پێنج کەس لە هێزە ئەمنییەکان مۆبایل و کامێرا و مایک و لۆگۆی کەنالەکەیان بە زۆر لێدەستێنن و دەستبەسەریان دەکەن و سوکایەتیان پێدەکەن، لەپاشاندا ئازاد دەکرێن.

-4رۆژنامەنووس (سەبستیان مایەر) سەرنووسەری ماڵپەڕی (میترۆگرافی)، (کامەران نەجم) فۆتۆگرافەر لە (ماڵپەڕی میترۆگرافی) و (پەژار محەمەد ) فۆتۆگرافەر لە هەمان ماڵپەر ، لە رۆژی 2012/2/17 لەبەردەرکی سەرای شاری سلیمانی لەوکاتەی لە رەحمان غەریب پەیامنێری سومەرییە نیوز دەدرێت ئەو رۆژنامەنووسانە دەیانەوێت وێنەی بگرن و هاوکاری بکەن، لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە هەر یەک لەسەبستیان مایەر و پەژار دەستگیردەکرێن ، دواتر کامەران نەجم بۆ ئازادکردنی دوو وێنەگرەکەی تر دەچێت ، ئەویش دوای ئەوەی لێی دەدرێت و کامێراکەشی لێوەردەگیرێت و دەستگیر دەکرێت، دواتر ئازاد دەکرێن.

-5رۆژنامەنووس (کاروان رەحمان) پەیامنێری) کەناڵی (NRT ، و (رێکەوت موشیر) وێنەگری کەناڵەکە ، رۆژی 2012/2/18 لەشاری سلێمانی لەلایەن هێزێکی ئەمنییەوە کەرەستەی رۆژنامەوانیان لێدەسەندرێت و دەستبەسەر دەکرێن کە زیاتر لە کاتژمێر و نیوێک دەخایەنێت و سوکایەتییان پێدەکرێت و دواتر ئازاد دەکرێن.

-6رۆژنامەنووس (راز نەورۆز محەمەد) پەیامنێری (کەناڵی ئاسمانی هەولێر) ، (عزەدین قادر) وێنەگری هەمان کەناڵ ، رۆژی 2012/2/19 لە کاتی کارکردنیان و ئامادەکردنی راپۆرت لەناو بازاڕی عەسری لەشاری سلێمانی لەلایەن کۆمەڵێ سەرباز رێگرییان لێدەکرێت و کەرەستەی رۆژنامەوانییان لێدەبردرێت و دەستگیردەکرێن.

-7 رۆژنامەنووس ( بڕیار نامق) پەیامنێری) کەناڵی (KNN ، و (تەلان کۆسرەت) وێنەگری (هەمان کەناڵ) ، رۆژی 2012/2/19 لەشاری سلێمانی لەکاتی کار کردن لەسەر بڕینی دووکانی زێڕنگرەکانی بازاڕی عەسری لەلایەن کۆمەڵی پێشمەرگە کە پێکهاتبوون لە (7) کەس رێگرییان لێدەکەن و دواتر بەبیانوی بردن بۆلای گەورەکەیان دەسگیریان دەکەن و دوای ماوەی کاتژمێرێک لە دەستبەسەرکردن ئازاد دەکرێن، بەڵام دوای چوونە دەرەوەیان دووبارە لەبەردەرکی سەرا لە لایەن گرێپێکی حەوت کەسی تر لە هێزە ئەمنییەکان کەرەستەی رۆژنامەوانییان لێدەسەنرێت و لەسەر شەقامەکە دەستەبەر دەکرێنەوە و دوای نزیکەی کاتژمێرێک لە دەستبەسەرکردنیان ئازاد دەکرێنەوە.

-8رۆژنامەنووس (شێروان شێروانی) سەرنووسەری (گۆڤاری باشوور) ، لە بەرواری 20-4-2012 لە سەیرانێکدا لە گەل خانەوادەکەی لەنێوان ئاکریٚ و ئامێدی دەستگیردەکرێت. لە لایەن مەفرەزەیەکی پۆلیسی بنکەی گولانی ناوەندی ئاکریٚ ، بەبیٚ ئاگادارکردنەوەی پێشوەخت و بەبیانووی هەبوونی سکاڵا لەسەر بابەتی دیار نەمانی 206 ملیون دیناری عراق لە شارەوانی ئاکریٚ، لەروژێکی پشودا (هەینی) بەبیٚ فەرمانی دادوەر ، دەستگیر دەکرێت ، دوای دوو روژ لە دەستگیرکردنی بە کەفالەت ئازاد دەکریٚ.

-9هەمان رۆژنامەنووس (شێروان شێروانی) بەبیانووی هەبوونی سکالایەکی تر لەلایەن برای سەرۆکی هەرێمەوە راستەوخۆ دەستگیر دەکرێتەوە و بو ئەم مەبەستەش ئەویان لەزیندانی ئاکریٚ هێشتەوە بو دوو روژی تر ، دوای چوار رۆژەکەی زیندان لەئاکریٚ و دواتریش دوو رۆژ لە نێوان هەولێر و دهۆک هاتوچۆ پێدەکەن بە گیراوی. بەمەش هەمووی شەش رۆژ لە زیندان دەهێلرێتەوە و لە بەرواری 26-4-2012 بە کەفالەتی یەک ملیون ئازادکراوەتەوە.

-10رۆژنامەنووس (کامەران عومەر حەمدان) لە (تەلەفزیۆنی یەکگرتوو/ هەولێر) ، لەبەرواری 2012/9/13 مەفرەزەیەکی ئاسایشی گشیتی هەڵدەکوتنە سەر ماڵەکەی و بیٚ ئاگادارکردنەوەی پێشوەخت دەستگیری دەکەن، دواتر بەکەفالەت ئازاد دەکرێت و پێی رادەگەیەنن کە بەهەڵە دەستگیریان کردووە.

-11رۆژنامەنووس (بەختیار کاکە) پەیامنێری) کەناڵی(KNN ، ئارام قادر وێنەگری کەناڵەکە ، بەرواری 2012/9/24 لەکاتی رووماڵکردنی خۆپیشاندانێک لە نەخۆشخانەی گشتی کەلار لەلایەن پۆلیسی نەخۆشخانەکەوە کەلوپەلە رۆژنامەوانییەکانی لێدەسەنرێت و دەستگیر دەکرێن، و رێگریان لێدەکریٚ لەرووماڵکردنی خۆپیشاندانەکە.

-12رۆژنامەنووس (هیوا دارتاش) پەیامنێری (بادینان سات) ، (ماهیر مەجید) وێنەگری (بادینان سات) ، بەرواری 2012/9/29 لەکاتی ئامادەکردنی راپۆرت لەکەمپی دۆمیزی ئاوارەکانی سوریا لەلایەن ئاسایشیٚ کەمپەکەوە بۆ ماوەی دووکاتژمێر و نیو دەستبەسەر دەکرێن و وێنە تۆمارکراوەکانیشیان پیٚ دەسرنەوە.

-13ڕۆژنامەنووس (زانا فەتاح) ، پەیامنێری (مانگنەی چەرموو\ کە بڵاوکراوەیەکی مانگانەیە و لەقەزای چەمچەمچەماڵ دەردەچێ) ، بەرواری 2012/11/6 بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەخت لەلایەن پۆلیسی چەمچەماڵ بۆماوەی six ڕۆژ دەستگیر دەکرێت، بەهۆی بڵاوکردنەوەی بابەتێک لە مانگنەی چەرموو .

-14ڕۆژنامەنووس (سامان نەجم) ، پەیامنێری کەناڵی کوردسات، چیا حەمید، وێنەگری کەناڵی کوردسات، بەرواری 2012/11/15 لەکاتی ڕوومالکردنی هەواڵێک دەربارەی ماددەی 140 لەلایەن هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی دیجلە لە بازگەی قەرەتەپە بۆ ماوەیەک دەستبەسەر دەکرێن.

-15ڕۆژنامەنووس (دڵشاد عەبدوڵا حسێن) پەیامنێری (کەناڵی) KNN، (دانیال حەمزا) وێنەگری کەناڵیKNN ، لە بەرواری 2012/9/27 لەکاتی تۆمارکردنی بەرنامەی مایکی ئازاد، لەلایەن هێزەکانی پۆلیسی خانەقین ڕێگریان لێدەکرێت و بۆ ماوەیەک دەستبەسەر دەکرێن.

-16ڕۆژنامەنووس (کارزان کەریم) ، کەلەچەندین دەزگای ڕۆژنامەوانی کوردستان کاری کردوە لە کوردستان ، بەرواری 2012/10/7 بە دوو ساڵ زیندانی سزا درا، بەهۆی بڵاوکردنەوە و نووسینی چەند بابەتێک لەسەر گەندەڵیەکانی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر.

پێنجەم :- پشتگوێخستنی کەیسەکانی پێشێلکاری دژ بە ڕۆژنامەنووسان لەلایەن لایەنە فەرمیەکانەوە.

بەپێی ئەم ڕاپۆرتە و دوای تاوتوێکردنی وەڵامەکانی فۆرمی پێشێلکاری بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان ، لە زۆربەی هەرە زۆری حاڵەتەکانی توندوتیژی و پێشێلکاری بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان ، دام و دەزگا فەرمی و بەرپرسەکان کەمتەرخەم بوون و بێباکانە نەبونەتە بەشێک لەپاراستنی چ ماف و ئازادیەکانی ، چ گیان و سەلامەتی ڕۆژنامەنوسەکە . بەڵکو زۆربەی پێشێلکاریەکان لەلایەن بەرپرس و کارمەندەکانی دەزگا ئەمنی و سەربازیەکانەوە ئەنجامدراوە . زیاتر لەوەش دوای ڕودانی حاڵەتی پێشێلکاریەکە ، جگە لە چەند

کەیسێکی زۆر کەم ، زۆربەی هەر زۆری کەیسەکان هیچ بەدواداچونێکی یاسایی یان فەرمیان بۆ نەکراوە و پێشێلکارەکان دوورن لەهەر لێپرسینەوەیەک .

پێشێلکاریەکان وەک خۆی لەزاری رۆژنامەنووسانەوە

)نمونەی چەند فۆرمێکی تۆمارکردنی پێشێلکاریەکان وەک خۆی ، کە لەلایەن ئەو رۆژنامەنووسانەوە پرکراوەتەوە کە پیشێلکاریان بەرامبەر کراوە(

فۆرمی ژماره(1)

ئەنستتیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ

پرۆگرامی میدیای ئازاد

فۆرمی تۆمارکردنی پێشێلکاری بەرامبەر رۆژنامەنووسان

)له ماوەی ساڵی 2012(

ڕۆژنامەنووسی بەڕێز :- ئەم فۆرمە بەمەبەستی تۆمارکردنی ئەو پێشێلکارییانەیە کە بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان ئەنجامدراوە لە ماوەی ساڵی 2012 دا ، تکایە بەڕێزیشت هەر پێشێلکارییەکت بەرامبەر ئەنجامدراوە ، بەشێوەیەکی زانستی و ورد لەم فۆرمەدا تۆماری بکە تا بتوانین لە ڕاپۆرتی گشتی ساڵانەی (( پرۆگرامی میدیای ئازاد سەر بە ئەنستتیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ )) دەربارەی ( ڕەوشی ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵی 2012 ) دا بڵاوی بکەینەوە .

لەگەڵ ڕێزی تایبەتمان...

-ناوی سیانی ڕۆژنامەنووس: دانا حمد قادر حمد \ ناسراو بەدانا رەزگەیی)

-جۆری کاری ڕۆژنامەوانییەکەی: پەیامنێر

-ناوی فەرمی ئەو دەزگایەی کاری لێدەکەیت (ئەگەر سەر بە دەزگایەک بێ): رۆژنامەی هاوڵاتی

-ئەو پێشێلکارییەی کە بەرامبەرت کراوە :

هەرەشەلێکردن ( بەلێ ) دەستگیرکردن ( ) سوکایەتیپێکردن ( بەلێ ) زەوتکردنی کەل و پەلی کار ( بەلێ ) لێدان ( بەلێ ) زامدارکردن (بەلێ ) سوتاندنی ئۆفیس ( )

هەرجۆرە پێشێلکاریەکی تر..:

-بەرواری پێشێلکارییەکە: 2012/2/17

-شوێنی پێشێلکارییەکە: رانیە – ناو باخی گشتی

-لایەنی پێشێلکار: وەزارەتی پێشمەرگە (هێزەکانی 70 لە چوارقورنە)

-کاردانەوە و هەڵوێستی دام و دەزگا ڕەسمییەکانی هەرێم بەرامبەر ئەو پێشێلکارییانە:

تاکو ئێستا هیچ شتێکیان بۆم نەکردوە تەنانەت وەکو پێویست هاوکاریشمان نین لە دۆسیەکەم لە دادگا.

-بەکورتی ئەو پێشێلکارییەی کە بەرامبەرت کراوە ڕوونی بکەرەوە ((بە 50 ووشە)):

-لە رۆژی (17) شوبات 2012لە ناو باخی گشتی رانیە من وەکو رۆژنامەنوسێک کاری خۆمم ئەکرد کاتێک بەناو باخی گشتی دا رۆیشتم لەلایەن کۆمەڵێک پێشمەرگەوە پەلاماردرام و وێرای سوکایەتی لێ ستاندنی باج و کامیراو لێدان کە زیاتر لە 12 پێشمەرگەئەبوون.

-منیش داوای یاسایم تۆمارکردوە وێرای ناوی هەندێکیان بەڵام تاکو ئێستا نەهاتون بۆبەردەم دادگا هەرچەندە وەزارەتی پێشمەرگەش نوسراوی بۆیان کردوە بەڵام لە چوارقورنە وەڵامیان نادەنەوەو تۆمەتباران رەوانەی دادگا ناکەن.

- -ژمارە مۆبایل :

-

- -ئیمەیڵ :
danarazgay@yahoo.com

- ==============================

-تێبینی: وەڵامی پرسیارنامەکە بۆ هەمان ئەم ئیمەیڵە بنێرەوەkihr.imedia@gmail.com ...

-

- -بۆ هەر زانیاری و پرسیارێک تکایە پەیوەندی بکە بەم ژمارە مۆبایلەوە: 07704096864

فۆرمی ژمارە(2)

ئەنستتیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ

پرۆگرامی میدیای ئازاد

فۆرمی تۆمارکردنی پێشێلکاری بەرامبەر رۆژنامەنووسان

لە ماوەی ساڵی(2012)

ڕۆژنامەنووسی بەڕێز :- ئەم فۆرمە بەمەبەستی تۆمارکردنی ئەو پێشێلکارییانەیە کە بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان ئەنجامدراوە لە ماوەی ساڵی 2012 دا ، تکایە بەڕێزیشت هەر پێشێلکارییەکت بەرامبەر ئەنجامدراوە ، بەشێوەیەکی زانستی و ورد لەم فۆرمەدا تۆماری بکە تا بتوانین لە ڕاپۆرتی گشتی ساڵانەی (( پرۆگرامی میدیای ئازاد سەر بە ئەنستتیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ )) دەربارەی ( ڕەوشی ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵی 2012 ) دا بڵاوی بکەینەوە .

لەگەڵ ڕێزی تایبەتمان...

-ناوی سیانی ڕۆژنامەنووس: بروا عەلی رەسوڵ

-جۆری کاری ڕۆژنامەوانییەکەی: وینەگر

-ناوی فەرمی ئەو دەزگایەی کاری لێدەکەیت (ئەگەر سەر بە دەزگایەک بێ): کەناڵی ئاسمانی سپێدە

-ئەو پێشێلکارییەی کە بەرامبەرت کراوە :

هەرەشەلێکردن ( ) دەستگیرکردن ( ) سوکایەتیپێکردن ( ) زەوتکردنی کەل و پەلی کار ( ) لێدان ( ) زامدارکردن ( ) سوتاندنی ئۆفیس ( )

هەرجۆرە پێشێلکاریەکی تر..:

-بەرواری پێشێلکارییەکە: 2012/11/10

-شوێنی پێشێلکارییەکە: سکولی زانستەمرۆڤایەتیەکانی زانکۆی راپەرین

-لایەنی پێشێلکار: کۆمەلەی خوێندکاران

-کاردانەوە و هەڵوێستی دام و دەزگا ڕەسمییەکانی هەرێم بەرامبەر ئەو پێشێلکاریيانە:

-بەکورتی ئەو پێشێلکارییەی کە بەرامبەرت کراوە ڕوونی بکەرەوە ((بە 50 ووشە)):

لەکاتی بەرێوەچونی کاری ئاسایی رۆژنامەنوسی خۆم کاتیک تابلۆی ریکخراوی حیزبیم وینەگرت لەناو زانکۆ لەلایەن بەرپرسی کۆمیتەی زانکۆی کۆمەلەی خویندکاران سوکایەتیم پێکراو پەلاماری کامیراکەم درا و بەشێکی شکێندرا.

- -ژمارە مۆبایل:

-

- -ئیمەیڵ :
brwaranya5@yahoo.com

- ==============================

-تێبینی: وەڵامی پرسیارنامەکە بۆ هەمان ئەم ئیمەیڵە بنێرەوەkihr.imedia@gmail.com ...

-

- -بۆ هەر زانیاری و پرسیارێک تکایە پەیوەندی بکە بەم ژمارە مۆبایلەوە: 07704096864

فۆرمی ژماره(3)

ئەنستتیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ

پرۆگرامی میدیای ئازاد

فۆرمی تۆمارکردنی پێشێلکاری بەرامبەر رۆژنامەنووسان

)له ماوەی ساڵی 2012(

رۆژنامەنووسی بەرێز :- ئەم فۆرمە بەمەبەستی تۆمارکردنی ئەو پێشێلکارییانەیە کە بەرامبەر رۆژنامەنووسان ئەنجامدراوە لە ماوەی ساڵی 2012 دا ، تکایە بەرێزیشت هەر پێشێلکارییەکت بەرامبەر ئەنجامدراوە ، بەشێوەیەکی زانستی و ورد لەم فۆرمەدا تۆماری بکە تا بتوانین لە راپۆرتی گشتی ساڵانەی (( پرۆگرامی میدیای ئازاد سەر بە ئەنستتیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ )) دەربارەی ( رەوشی رۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵی 2012 ) دا بڵاوی بکەینەوە .

لەگەڵ رێزی تایبەتمان...

-ناوی سیانی رۆژنامەنووس: ئالان فریاد یونس- ناسراو بە ئالان ساحیبقران

-جۆری کاری رۆژنامەوانییەکەی: پەیامنێر

-ناوی فەرمی ئەو دەزگایەی کاری لێدەکەیت (ئەگەر سەر بە دەزگایەک بێ): ستاندەر

-ئەو پێشێلکارییەی کە بەرامبەرت کراوە:

هەرەشەلێکردن ( ) دەستگیرکردن ( ) سوکایەتیپێکردن ( بەلێ ) زەوتکردنی کەل و پەلی کار ( ) لێدان( )

زامدارکردن ( ) سوتاندنی ئۆفیس ( ) هەرجۆرە پێشێلکاریەکی تر

بەرواری پێشێلکارییەکە: 2012/5/2

-شوێنی پێشێلکارییەکە: نەخۆشخانەی فێرکاری هەولێر

-لایەنی پێشێلکار: کارمەندانی نەخۆشخانە

-کاردانەوە و هەڵوێستی دام و دەزگا رەسمییەکانی هەرێم بەرامبەر ئەو پێشێلکارییانە :بەرێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر وتی گوێمەدی ئەو کوردستانە ئەو شتانە بەئاسای وەرکرە بەلێنی سزادانی ئەوکارمەندانیەی پیدام بەلام دواتر بلەیان بەرزتربووەوە لەنەخۆشخانەکە بەکورتی ئەو پێشێلکارییەی کە بەرامبەرت کراوە روونی بکەرەوە (( بە 50 ووشە )) : دوای نوسینی بابەتێک لەسەر نەخۆشخانەی کۆماری هەولێر کە دکتۆرەکان ئستاشی لەگەڵبێت لەچەند خولەکێک زیاتر دەوام ناکەن اهمالکردنی نەخۆش و بونی چەندکەسێکی تەواو ناتەندروست وشێت وەک ستافی نەخۆشخانە لەشەو داکەهەندێک جار زیانی کەورە بەنەخۆش دەگەیەنن پیسو پۆخلی نەخۆشخانەکە ئەو دەقی بابەتەکەیە دوای ئەوەی بینیان چەند کەسێک باجی تەندروستیان

شاردەوەو هیرشیان کردە سەرخۆم و براکەم  بۆ زیاتر بەرچا و رونی ئەو هەواڵە بخوینەوە
(http://skurd.net/Dreje.aspx?B=1&id=4133 )

-ژمارە مۆبایل:

- -ئیمەیڵ :
alan_ddr@yahoo.com

- ===============================

-تێبینی: وەڵامی پرسیارنامەکە بۆ هەمان ئەم ئیمەیڵە بنێرەوەkihr.imedia@gmail.com ...

-

- -بۆ هەر زانیاری و پرسیارێک تکایە پەیوەندی بکە بەم ژمارە مۆبایلەوە: 07704096864

فۆرمی ژمارە(4)

ئەنستتیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ

پرۆگرامی میدیای ئازاد

فۆرمی تۆمارکردنی پێشێلکاری بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان

)لە ماوەی ساڵی 2012(

ڕۆژنامەنووسی بەڕێز :- ئەم فۆرمە بەمەبەستی تۆمارکردنی ئەو پێشێلکارییانەیە کە بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان ئەنجامدراوە لە ماوەی ساڵی 2012 دا ، تکایە بەڕێزیشت هەر پێشێلکارییەکت بەرامبەر ئەنجامدراوە ، بەشێوەیەکی زانستی و ورد لەم فۆرمەدا تۆماری بکە

تا بتوانین له ڕاپۆرتی گشتی ساڵانەی (( پرۆگرامی میدیای ئازاد سەر بە ئەنستتیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ )) دەربارەی ( ڕەوشی ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵی 2012 ) دا بڵاوی بکەینەوە .

لەگەڵ ڕێزی تایبەتمان...

-ناوی سیانی ڕۆژنامەنووس: بارزان حسن محمدامین

-جۆری کاری ڕۆژنامەوانییەکەی: پەیامنێر

-ناوی فەرمی ئەو دەزگایەی کاری لێدەکەیت (ئەگەر سەر بە دەزگایەک بێ): کەناڵی ئاسمانی NRT TV

-ئەو پێشێلکارییەی کە بەرامبەرت کراوە: هەڕەشەکردن وسوکایەتی پێکردن

هەڕەشەلێکردن ( ) دەستگیرکردن ( ) سوکایەتیپێکردن ( ) زەوتکردنی کەل و پەلی کار ( ) لێدان ( )

زامدارکردن ( ) سوتاندنی ئۆفیس ( ) هەرجۆرە پێشێلکاریەکی تر..:

-بەرواری پێشێلکارییەکە: 2012/7/5

-شوێنی پێشێلکارییەکە: بەردەم نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژئاوای هەولێر

-لایەنی پێشێلکار: پاسەوانی زێرەڤانی نەخۆشخانەکە

-کاردانەوە و هەڵوێستی دام و دەزگا ڕەسمییەکانی هەرێم بەرامبەر ئەو پێشێلکارییانە: زۆر لاواز بوو

-بەکورتی ئەو پێشێلکارییەی کە بەرامبەرت کراوە ڕوونی بکەرەوە ((بە 50 ووشە)):

- -ژمارە مۆبایل :

- -

ئیمەیڵ :

- ==============================

-تێبینی: وەڵامی پرسیارنامەکە بۆ هەمان ئەم ئیمەیڵە بنێرەوەkihr.imedia@gmail.com....

-

-بۆ هەر زانیاری و پرسیارێک تکایە پەیوەندی بکە بەم ژ `مارە مۆبایلەوە: 07704096864

فۆرمی ژماره(5)

ئەنستتیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ

پرۆگرامی میدیای ئازاد

فۆرمی تۆمارکردنی پێشێلکاری بەرامبەر رۆژنامەنووسان

)لە ماوەی ساڵی 2012(

ڕۆژنامەنووسی بەڕێز :- ئەم فۆرمە بەمەبەستی تۆمارکردنی ئەو پێشێلکارییانەیە کە بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان ئەنجامدراوە لە ماوەی ساڵی 2012 دا ، تکایە بەرێزیشت هەر پێشێلکارییەکت بەرامبەر ئەنجامدراوە ، بەشێوەیەکی زانستی و ورد لەم فۆرمەدا تۆماری بکە تا بتوانین لە ڕاپۆرتی گشتی ساڵانەی (( پرۆگرامی میدیای ئازاد سەر بە ئەنستتیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ )) دەربارەی ( ڕەوشی ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵی 2012 ) دا بڵاوی بکەینەوە .

لەگەڵ ڕێزی تایبەتمان...

-ناوی سیانی ڕۆژنامەنووس: دەرباز ساڵح ئەحمەد

-جۆری کاری ڕۆژنامەوانییەکەی: پەیامنێر و فۆتۆگرافەر

-ناوی فەرمی ئەو دەزگایەی کاری لێدەکەیت (ئەگەر سەر بە دەزگایەک بێ): دەزگای خەندان (رادیۆ و سایتی خەندان)

-ئەو پێشێلکارییەی کە بەرامبەرت کراوە :

هەرەشەلێکردن ( ) دەستگیرکردن ( ) سوکایەتیپێکردن ( بەڵێ ) زەوتکردنی کەل و پەلی کار ( بەڵێ )
لێدان ( بەڵێ )

زامدارکردن ( ) سوتاندنی ئۆفیس ( ) هەرجۆرە پێشێلکاریەکی تر..:

-بەرواری پێشێلکارییەکە: 8ی 5ی 2012

-شوێنی پێشێلکارییەکە: هەولێر- شەقامی شەست مەتری بەردەم یانەی ئاوێزەی خێزانی

-لایەنی پێشێلکار: هێزەکانی ئاسیش و پۆلیس

-کاردانەوە و هەڵوێستی دام و دەزگا ڕەسمییەکانی هەرێم بەرامبەر ئەو پێشێلکارییانە: هیچ هەڵوێستێکیان نەبوو تەنانەت پێشیان را ئەبواردم، ئەرۆیشتمە هەرشوێنێک ئەیان ناردم بۆ شوێنێکی تر.

-بەکورتی ئەو پێشێلکارییەی کە بەرامبەرت کراوە ڕوونی بکەرەوە ((بە 50 ووشە)):

لە کاتی سوتاندنی یانەی ئاوێزەی خێزانی لەسەر شەقامی 60 مەتری شاری هەولێرکە لە لایەن خۆپیشاندەرانەوە دژی گۆڤاری چرپە کرا، کامێراکەم دەرهێنا وێنەبگرم، لەگەڵ یەکەمین وێنە لە لایەن ژمارەیەکی زۆری ئاسایش و زێرەڤانی و پۆلیسی مەدەنی هێرشیان کردە سەرم، جانتان و لاپتۆپ و پێناسەی ڕۆژنامەوانی و مۆبایل و هەمووشتێکیان لێسەندم، دوای شەق و تێهەڵدانێکی زۆریش بەدوام کەوتن تا زیاتر لە 500 مەتر، دووای 22 رۆژیش دەستی دەستی کردن، لە بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی هەرێم کەلوپەلەکانیان پێدامەوە.

- -ژمارە مۆبایل:

- -ئیمەیڵ :
darbaz.salh@yahoo.com

- ==============================

-تێبینی: وەڵامی پرسیارنامەکە بۆ هەمان ئەم ئیمەیڵە بنێرەوەkihr.imedia@gmail.com....

-

-بۆ هەر زانیاری و پرسیارێک تکایە پەیوەندی بکە بەم ژمارە مۆبایلەوە: 07704096864

فۆرمی ژمارە(6)

ئەنستتیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ

پرۆگرامی میدیای ئازاد

فۆرمی تۆمارکردنی پێشێلکاری بەرامبەر رۆژنامەنووسان

)لە ماوەی ساڵی 2012(

ڕۆژنامەنووسی بەڕێز :- ئەم فۆرمە بەمەبەستی تۆمارکردنی ئەو پێشێلکارییانەیە کە بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان ئەنجامدراوە لە ماوەی ساڵی 2012 دا ، تکایە بەڕێزیشت هەر پێشێلکارییەکت بەرامبەر ئەنجامدراوە ، بەشێوەیەکی زانستی و ورد لەم فۆرمەدا تۆماری بکە تا بتوانین لە ڕاپۆرتی گشتی ساڵانەی (( پرۆگرامی میدیای ئازاد سەر بە ئەنستتیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ )) دەربارەی ( ڕەوشی ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵی 2012 ) دا بڵاوی بکەینەوە .

لەگەڵ ڕێزی تایبەتمان...

-ناوی سیانی ڕۆژنامەنووس: دلوڤان رمەزان سدیق ناسراو بە (دلۆڤان زێباری)

-جۆری کاری ڕۆژنامەوانییەکەی: سەرپەرشتی گوڤاری باشور،پەیامنێری روژنامەی هاولاتی

-ناوی فەرمی ئەو دەزگایەی کاری لێدەکەیت ، ئەگەر سەر بە دەزگایەک بێ): گوڤاری باشوور(

-ئەو پێشێلکارییەی کە بەرامبەرت کراوە :

هەرەشەلێکردن ( * ) دەستگیرکردن ( ) سوکایەتیپێکردن ( ) زەوتکردنی کەل و پەلی کار ( ) لێدان ( )

زامدارکردن ( ) سوتاندنی ئۆفیس ( ) هەرجۆرە پێشێلکاریەکی تر :.. چاودێری لێکردن

-بەرواری پێشێلکارییەکە: 12-1-2012

22-3-2012

10-11-2012

28-11-2012

-شوێنی پێشێلکارییەکە: پارێزگای دهوک - دهوک

-لایەنی پێشێلکار: لقی ئێک ، لێژنەی مەحەلی ، لایەنی نادیار

-کاردانەوە و هەڵوێستی دام و دەزگا ڕەسمییەکانی هەرێم بەرامبەر ئەو پێشێلکارییانە :

-بەکورتی ئەو پێشێلکارییەی کە بەرامبەرت کراوە ڕوونی بکەرەوە بە (50) ووشە:

بو ئەنستیتیوتی مافەکانی مروڤ لە کوردستان

بابەت | هەرەشەکردن و چاودێری کرن

من روژنامهنوس و (دلوڤان زێباری) لە بەرواری 12 -1-2012 لەوکاتەی کە ئێمە گوڤاری باشور ژمارە 7 بەلاودەکردەوە ئەندامێکی لێژنەی ناوخوی پارتی هەرەشە لە من کردەیوت: پارتی تا لە سەر لێوی بیر لە گەلە هەرکەسێک دێت ئەگەر ئێوە نەگەرێنەوە ئەوە دەتانهاوێتە ناو بیرەکە وە بەردێک لە دوای ئێوەدا دەهاوێت .

جارێکی تر لە بەرواری 22/3/2012 قاسدێک لە لای ئەندامێکی لقی یەک ( هات بو لام و پێم وت کە ئەو ئەندامە دەلێت ئێمە بە حەقی تو قسەدەکەین و بەم زوانە حەقی تو دەدەین.

..............

کەیسی دووەم : لە دوای بەلاوکردنەوەی نامەکەی سەید ئەکرەم لە گوڤاری باشور کە لە رێگای منەوە بو لە بەرواری 10/11 لە دەمژمێر 12،15 شەو سەیارەێکی جوری گەلاند چاودێریم دەکرد لە دهوکەوە تا مال کە مالەکەم لە دەوروبەری دهوکە.

هەر لە دوای ئەوە لە بەرواری 28/11 سەیارێکی تر جوری پیکاب چاودێریم دەکرد و هەر جێگایکی بو رویشتبام لە پێی ئێمە دەکەوت.

ژمارە مۆبایل

فهیس بووک : dlovan zebary

ئیمهیل zebary1@yahoo.com :

•

============================

تێبینی : وەڵامی پرسیارنامەکە بۆ هەمان ئەم ئیمەیلە بنێرەوەkihr.imedia@gmail.com -....

بۆ هەر زانیاری و پرسیارێک تکایە پەیوەندی بکە بەم ژمارە مۆبایلەوە: 07704096864

فۆرمی ژمارە(7)

ئەنستتیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ

پرۆگرامی میدیای ئازاد

فۆرمی تۆمارکردنی پێشێلکاری بەرامبەر رۆژنامەنووسان

)لە ماوەی ساڵی 2012(

رۆژنامەنووسی بەرێز :- ئەم فۆرمە بەمەبەستی تۆمارکردنی ئەو پێشێلکارییانەیە کە بەرامبەر رۆژنامەنووسان ئەنجامدراوە لە ماوەی ساڵی 2012 دا ، تکایە بەرێزیشت هەر پێشێلکارییەکت بەرامبەر ئەنجامدراوە ، بەشێوەیەکی زانستی و ورد لەم فۆرمەدا تۆماری بکە تا بتوانین لە راپۆرتی گشتی ساڵانەی (( پرۆگرامی میدیای ئازاد سەر بە ئەنستتیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ )) دەربارەی ( رەوشی رۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵی 2012 ) دا بڵاوی بکەینەوە .

لەگەڵ رێزی تایبەتمان-...

-ناوی سیانی رۆژنامەنووس: هێمن رانیەیی

-جۆری کاری رۆژنامەوانییەکەی: ستافی بەرێوەبەرایەتی ماڵپەری رووبەرنێت

-ناوی فەرمی ئەو دەزگایەی کاری لێدەکەیت (ئەگەر سەر بە دەزگایەک بێ): ماڵپەری رووبەرنێت

-ئەو پێشێلکارییەی کە بەرامبەرت کراوە :

هەرەشەلێکردن ( ) دەستگیرکردن ( ) سوکایەتیپێکردن ( سوکایەتیپێکردن ) زەوتکردنی کەل و پەلی کار ( ) لێدان ( )

زامدارکردن (زامدارکردن ) سوتاندنی ئۆفیس ( ) هەرجۆرە پێشێلکاریەکی تر..:

-بەرواری پێشێلکارییەکە: 2012/5/8 خۆپێشاندانەکەی هەولێر. بەردەم پەرلەمانی کوردستان

-شوێنی پێشێلکارییەکە: لە دوو شوێن: یەکەم لە بەردەم هوتێل ڤان رۆیاڵ لوشەقامی60م لای بەرزەپردی شۆڕش لەلایەن خۆپێشاندەرانەوە بە بەرد هێرشکرایە سەرم، دووەم لە شەقامی60م بەردەم لقی2ی پارتی لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە سوکایەتیم پێکراو میلی سیلاحیان لی هێنامەوە.

-لایەنی پێشێلکار: خۆپێشاندە ر و هێزی ئەمنییەکان.

-کاردانەوە و هەڵوێستی دام و دەزگا ڕەسمییەکانی هەرێم بەرامبەر ئەو پێشێلکارییانە: هیچ. واتا بێدەنگی

-بەکورتی ئەو پێشێلکارییەی کە بەرامبەرت کراوە ڕوونی بکەرەوە (( بە 50 ووشە )) : لە دوو شوێن: یەکەم لە بەردەم هوتێل ڤان رۆیاڵ لوشەقامی60م لای بەرزەپردی شۆڕش لەلایەن خۆپێشاندەرانەوە بە بەرد هێرشکرایە سەرم، دووەم لە شەقامی60م بەردەم لقی2ی پارتی لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە سوکایەتیم پێکراو میلی سیلاحیان لی هێنامەوە.

- -ژمارە مۆبایل:

- -ئیمەیڵ :
hemnraniaiy@gmail.com

- ==============================

-تێبینی: وەڵامی پرسیارنامەکە بۆ هەمان ئەم ئیمەیڵە بنێرەوەkihr.imedia@gmail.com -...

-

-بۆ هەر زانیاری و پرسیارێک تکایە پەیوەندی بکە بەم ژمارە مۆبایلەوە: 07704096864

فۆرمی ژمارە(8)

ئەنستتیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ

پرۆگرامی میدیای ئازاد

فۆرمی تۆمارکردنی پێشێلکاری بەرامبەر رۆژنامەنووسان

)لە ماوەی ساڵی 2012(

رۆژنامەنووسی بەرێز :- ئەم فۆرمە بەمەبەستی تۆمارکردنی ئەو پێشێلکارییانەیە کە بەرامبەر رۆژنامەنووسان ئەنجامدراوە لە ماوەی ساڵی 2012 دا ، تکایە بەرێزیشت هەر پێشێلکارییەکت بەرامبەر ئەنجامدراوە ، بەشێوەیەکی زانستی و ورد لەم فۆرمەدا تۆماری بکە تا بتوانین لە راپۆرتی گشتی ساڵانەی (( پرۆگرامی میدیای ئازاد سەر بە ئەنستتیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ )) دەربارەی ( رەوشی رۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵی 2012 ) دا بڵاوی بکەینەوە .

لەگەڵ رێزی تایبەتمان...

-ناوی سیانی رۆژنامەنووس: حمزە محمد صابر

-جۆری کاری رۆژنامەوانییەکەی: پەیامنێر

-ناوی فەرمی ئەو دەزگایەی کاری لێدەکەیت (ئەگەر سەر بە دەزگایەک بێ): سپێدە

-ئەو پێشێلکارییەی کە بەرامبەرت کراوە: بە پۆلیس دەورەیان دام وکامێراکەمیان لێسەندم بۆ ماوە ی دوو کاتژمێر

هەرەشەلێکردن ( بەلێ ) دەستگیرکردن ( ) سوکایەتیپێکردن ( بەلێ ) زەوتکردنی کەل و پەلی کار ( بەلێ ) لێدان ( ) زامدارکردن ( ) سوتاندنی ئۆفیس ( )

هەرجۆرە پێشێلکاریەکی تر..:

-بەرواری پێشێلکارییەکە: 12-2-2012

-شوێنی پێشێلکارییەکە: بەردەم بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی کۆیە لە کاتی خۆپیشاندانی قوتابیان

-لایەنی پێشێلکار: پۆلیسی کۆیە

-کاردانەوە و هەڵوێستی دام و دەزگا رەسمییەکانی هەرێم بەرامبەر ئەو پێشێلکاریانە: هیج کاردانەوەیەکیان نەبوو دام ودەزگاکانی هەرێم .بەلام پاش پێنج کاتژمێر کونسولکەری ئەمریکا تەلەفۆنیان بۆ کردم ووتیان ئیمە بە هەموو شێوەیەک نیگەرانین بەم کارەی پۆلیسی کۆیە زۆر بە توندی ئیدانەی ئەم کارە قێزەونە دەکەین زۆریشیان دەست خۆشی لێ کردین

-بەکورتی ئەو پێشێلکارییەی کە بەرامبەرت کراوە رووونی بکەرەوە (( بە 50 ووشە )) : لەم بەوارەی سەرەوە کە ئاماژەم پێداوە کاتژمێر 10 ی سەرلەبەیلی لە بەردەم پەوەردەی کۆیە خۆپیشاندانیک ی قوتابیانی ئامادەیی هەبوو دژ بەو سیستەمە سویدیانەی کە ئەیهینن بۆ کوردستان دوای زیاتر لە کاتژمێرێک قوتابیان بەردەم بەریوبەرایەتی پەوەردەیان چۆڵ نەکرد .ئنجا دووسەیارەی پۆلیس هاتن وهەرەشەیان لە کەنالەکانی راگەیاندن کرد کە بە هیچ شێوەیەک روماڵ نەکەن پاشان چەند قوتابیەکیان دەست گیر کردوو خستیانە ناو سەیارەکانیان ئێمەش بەدەوام بوین لە روماڵ کە ئەم کارە ئەکەن پاشان بەرو ئیمە هاتن ئیمەش هەموو ئەم کارانەی ئەوانمان روماڵ رکدبوو بۆیە رامان کردو خۆمان خستە ناو سەیارەکانمان ئەوانیش بەسەیارەی خۆیان کەوتنە دوامان لە نزیکی نوسینگەکەمان پێشیان لێ گرتین وبە کلاشین کۆف هەر چوار دەوریان گرتین وتیان وەرنە خوارێ کۆمەڵێک جنێوو هەرەشەیان لێ کردین و کامێراکەیان لێ سەندین (بۆ زانیاریتان کاتی ناو خۆپیشاندەران کە پۆلیس هێرشیان کردینە سەر کامیرای شاراوەمان هەبوو رومالی ئەم دیمەنەی کردبوو بۆ ماوەی 3 مانگ کەنالی سپێدە کردبویە پێش دەست پێکی هەواڵەکان

- -ژمارە مۆبایل:

- -ئیمەیڵ :
hamzamuhammed82@yahoo.com

- ==============================

-تێبینی: وەڵامی پرسیارنامەکە بۆ هەمان ئەم ئیمەیڵە بنێرەوەkihr.imedia@gmail.com ...

-

- -بۆ هەر زانیاری و پرسیارێک تکایە پەیوەندی بکە بەم ژمارە مۆبایلەوە: 07704096864

فۆرمی ژمارە(9)

ئەنستتیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ

پرۆگرامی میدیای ئازاد

فۆرمی تۆمارکردنی پێشێلکاری بەرامبەر رۆژنامەنووسان

)لە ماوەی ساڵی 2012(

ڕۆژنامەنووسی بەڕێز :- ئەم فۆرمە بەمەبەستی تۆمارکردنی ئەو پێشێلکارییانەیە کە بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان ئەنجامدراوە لە ماوەی ساڵی 2012 دا ، تکایە بەڕێزیشت هەر پێشێلکارییەکت بەرامبەر ئەنجامدراوە ، بەشێوەیەکی زانستی و ورد لەم فۆرمەدا تۆماری بکە تا بتوانین لە راپۆرتی گشتی ساڵانەی (( پرۆگرامی میدیای ئازاد سەر بە ئەنستتیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ )) دەربارەی ( ڕەوشی ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵی 2012 ) دا بڵاوی بکەینەوە .

لەگەڵ ڕێزی تایبەتمان...

-ناوی سیانی ڕۆژنامەنووس: زەردەشت خان کەریم

-جۆری کاری ڕۆژنامەوانییەکەی: وینەکر

-ناوی فەرمی ئەو دەزگایەی کاری لێدەکەیت (ئەگەر سەر بە دەزگایەک بێ): سبیدە تی فی

-ئەو پێشێلکارییەی کە بەرامبەرت کراوە: دەست گیر کردن

هەرەشەلێکردن ( ) دەستگیرکردن ( بەلێ ) سوکایەتیپێکردن ( ) زەوتکردنی کەل و پەلی کار ( )
لێدان ( )

زامدارکردن ( ) سوتاندنی ئۆفیس ( ) هەرجۆرە پێشێلکاریەکی تر..:

-بەرواری پێشێلکارییەکە: 2012

-شوێنی پێشێلکارییەکە:

-لایەنی پێشێلکار: هێزەکانی زیرەفانی

-کاردانەوە و هەڵوێستی دام و دەزگا ڕەسمییەکانی هەرێم بەرامبەر ئەو پێشێلکارییانە: دەرکردنی بەیاننامە

-بەکورتی ئەو پێشێلکارییەی کە بەرامبەرت کراوە ڕوونی بکەرەوە ((بە 50 ووشە)): لە بەردەم بەرلەمان لە خۆبیشاندانی دزی سوکایەنی یەکانی بەرامبەر بە ئاینی ئیسلام کرابوو لەلاییەن کۆفاری جرکە

-ژمارە مۆبایل:

-ئیمەیڵzardashtxan@ymail.com :

==============================

تێبینی: وەڵامی پرسیارنامەکە بۆ هەمان ئەم ئیمەیڵە بنێرەوە kihr.imedia@gmail.com_

-07704096864 بۆ هەر زانیاری و پرسیارێک تکایە پەیوەندی بکە بەم ژمارە مۆبایلەوە:

فۆرمی ژمارە(10)

ئەنستتیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ

پرۆگرامی میدیای ئازاد

فۆرمی تۆمارکردنی پێشێلکاری بەرامبەر رۆژنامەنووسان

)لە ماوەی ساڵی 2012(

ڕۆژنامەنووسی بەڕێز :- ئەم فۆرمە بەمەبەستی تۆمارکردنی ئەو پێشێلکارییانەیە کە بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان ئەنجامدراوە لە ماوەی ساڵی 2012 دا ، تکایە بەڕێزیشت هەر پێشێلکارییەکت بەرامبەر ئەنجامدراوە ، بەشێوەیەکی زانستی و ورد لەم فۆرمەدا تۆماری بکە

تا بتوانین له ڕاپۆرتی گشتی ساڵانەی (( پرۆگرامی میدیای ئازاد سەر بە ئەنستتیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ )) دەربارەی ( ڕەوشی ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵی 2012 ) دا بڵاوی بکەینەوە .

لەگەڵ ڕێزی تایبەتمان...

هاوکار حمد فوزی: ناوی سیانی ڕۆژنامەنووس:

- جۆری کاری ڕۆژنامەوانییەکەی: - پەیامنێر

- ناوی فەرمی ئەو دەزگایەی کاری لێدەکەیت (ئەگەر سەر بە دەزگایەک بێ): کەنالی ئاسمانی پەیام

- ئەو پێشێلکارییەی کە بەرامبەرت کراوە :

هەڕەشەلێکردن ( ) دەستگیرکردن ( بەلی) سوکایەتیپێکردن ( ) زەوتکردنی کەل و پەلی کار ( بەلی ) لێدان ( )

زامدارکردن ( ) سوتاندنی ئۆفیس ( ) هەرجۆرە پێشێلکاریەکی تر..:

- بەرواری پێشێلکارییەکە: 2012/7/1

بەردەم نەخۆشخانەی فریاکەوتنی رۆژ ئاوا لە هەولیر-: شوێنی پێشێلکارییەکە-

:هیزە ئەمنیەکانی ئەو نەخۆشخانەیە -لایەنی پێشێلکار-

-کاردانەوە و هەڵوێستی دام و دەزگا ڕەسمییەکانی هەرێم بەرامبەر ئەو پێشێلکارییانە:

بەکورتی ئەو پێشێلکارییەی کە بەرامبەرت کراوە ڕوونی بکەرەوە (( بە 50 ووشە)):

بەمەبەستی رومال کردنی مانکرتنی کارمەندان جوبوین بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی رۆژئاو لە شاری هەولیر بە لام لە لایەن هیزەکانی زیرەفانیەوە بەلامار دراین و سوکایەتی زۆر مان پی کرا ئەمە لە کاتیکدایە ئیمە لە دەرەوەی سنوری نە خۆشخانە کە بوین .

/ژمارە مۆبایل:

ئیمەیڵ : Hawker_h989@yahoo.com

- ==============================

تێبینی : وەڵامی پرسیارنامەکە بۆ هەمان ئەم ئیمەیڵە بنێرەوە .... kihr.imedia@gmail.com

بۆ هەر زانیاری و پرسیارێک تکایە پەیوەندی بکە بەم ژمارە مۆبایلەوە: 07704096864

فۆرمی ژماره(11)

ئەنستتیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ

پرۆگرامی میدیای ئازاد

فۆرمی تۆمارکردنی پێشێلکاری بەرامبەر رۆژنامەنووسان

)له ماوەی ساڵی 2012(

رۆژنامەنووسی بەرێز :- ئەم فۆرمە بەمەبەستی تۆمارکردنی ئەو پێشێلکارییانەیە کە بەرامبەر رۆژنامەنووسان ئەنجامدراوە لە ماوەی ساڵی 2012 دا ، تکایە بەرێزیشت هەر پێشێلکارییەکت بەرامبەر ئەنجامدراوە ، بەشێوەیەکی زانستی و ورد لەم فۆرمەدا تۆماری بکە تا بتوانین لە راپۆرتی گشتی ساڵانەی (( پرۆگرامی میدیای ئازاد سەر بە ئەنستتیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ )) دەربارەی ( رەوشی رۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵی 2012 ) دا بڵاوی بکەینەوە .

لەگەڵ رێزی تایبەتمان...

-ناوی سیانی رۆژنامەنووس: محمد فریق

-جۆری کاری رۆژنامەوانییەکەی: سەرنوسەر

-ناوی فەرمی ئەو دەزگایەی کاری لێدەکەیت (ئەگەر سەر بە دەزگایەک بێ): گۆڤاری چرکە

-ئەو پێشێلکارییەی کە بەرامبەرت کراوە :

هەرەشەلێکردن (بەڵێ ) دەستگیرکردن ( ) سوکایەتیپێکردن ( ) زەوتکردنی کەل و پەلی کار ( ) لێدان ( ) زامدارکردن ( ) سوتاندنی ئۆفیس ( )

هەرجۆرە پێشێلکاریەکی تر..:

- بەرواری پێشێلکارییەکە: 2012-10-20

-شوێنی پێشێلکارییەکە: هەولێر

-لایەنی پێشێلکار :

- 1دوابەدوای بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامەیەکی مەکتەبی رێکخستنی یەکێتی هاوکاری رۆژنامەی هاوڵاتی دەکات لە ژمارە (81) گۆڤاری چرکە بڵاوبۆتەوە بە دوو ژمارەی مۆبایلی کە ژمارەکان (0770315792 - 07506971039) هەرەشەو سوکایەتیمان لێکراوەلە ستافی گۆڤارەکەمان

-کاردانەوە و هەڵوێستی دام و دەزگا رەسمییەکانی هەرێم بەرامبەر ئەو پێشێلکارییانە: هیچ هەڵوێستێکیان نەبوو, وەکو ئەوەی هەر شتێکی لەم شێوەیە نەبووبێ, بەلایانەوە ئاساییە

بەکورتی ئەو پێشێلکارییەی کە بەرامبەرت کراوە روونی بکەرەوە (( بە 50 ووشە )):

- -ژمارە مۆبایل :

-ئیمەیڵ - chrka1@yahoo.com :

==============================

. kihr.imedia@gmail.comتێبینی : وەڵامی پرسیارنامەکە بۆ هەمان ئەم ئیمەیڵە بنێرەوە

بۆ هەر زانیاری و پرسیارێک تکایە پەیوەندی بکە بەم ژمارە مۆبایلەوە: 07704096864

فۆرمی ژمارە(12)

ئەنستتیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ

پرۆگرامی میدیای ئازاد

فۆرمی تۆمارکردنی پێشێلکاری بەرامبەر رۆژنامەنووسان

)لە ماوەی ساڵی 2012(

رۆژنامەنووسی بەرێز :- ئەم فۆرمە بەمەبەستی تۆمارکردنی ئەو پێشێلکارییانەیە کە بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان ئەنجامدراوە لە ماوەی ساڵی 2012 دا ، تکایە بەرێزیشت هەر پێشێلکارییەکت بەرامبەر ئەنجامدراوە ، بەشێوەیەکی زانستی و ورد لەم فۆرمەدا تۆماری بکە تا بتوانین لە ڕاپۆرتی گشتی ساڵانەی (( پرۆگرامی میدیای ئازاد سەر بە ئەنستتیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ )) دەربارەی ( رەوشی رۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵی 2012 ) دا بڵاوی بکەینەوە .

لەگەڵ رێزی تایبەتمان...

- ناوی سیانی ڕۆژنامەنووس: - نیاز محمود محمد

- جۆری کاری ڕۆژنامەوانییەکەی: وێنەگر

- ناوی فەرمی ئەو دەزگایەی کاری لێدەکەیت (ئەگەر سەر بە دەزگایەک بی): کەنالی ئاسمانی پەیام

- ئەو پێشێلکارییەی کە بەرامبەرت کراوە :

هەرەشەلێکردن ( ) دەستگیرکردن ( بەلی) سوکایەتیپێکردن ( ) زەوتکردنی کەل و پەلی کار ( بەلی ) لێدان ( )

زامدارکردن ( بەڵێ ) سوتاندنی ئۆفیس ( ) هەرجۆرە پێشێلکاریەکی تر..:

-بەرواری پێشێلکارییەکە: 2012/7/1

-شوێنی پێشێلکارییەکە: بەردەم نەخۆشخانەی فریاکەوتنی رۆژ ئاوا لە هەولیر

- لایەنی پێشێلکار: هیزە ئەمنیەکانی ئەو نەخۆشخانەیە

-کاردانەوە و هەڵوێستی دام و دەزگا ڕەسمییەکانی هەرێم بەرامبەر ئەو پێشێلکارییانە:

بەکورتی ئەو پێشێلکارییەی کە بەرامبەرت کراوە ڕوونی بکەرەوە (( بە 50 ووشە)):

:((بەمەبەستی رومال کردنی مانکرتنی کارمەندان جوبوین بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی رۆژئاو لە شاری هەولیر بە لام لە لایەن هیزەکانی زیرەفانیەوە بەلامار دراین و سوکایەتی زۆر مان پی کرا ئەمە لە کاتیکدایە ئیمە لە دەرەوەی سنوری نە خۆشخانە کە بوین-

ژمارە مۆبایل:

ئیمەیل :

niyazpress@yahoo.com

- ==============================

. kihr.imedia@gmail.com تێبینی : وەڵامی پرسیارنامەکە بۆ هەمان ئەم ئیمەیڵە بنێرەوە

بۆ هەر زانیاری و پرسیارێک تکایە پەیوەندی بکە بەم ژمارە مۆبایلەوە: 07704096864

فۆرمی ژمارە(13)

ئەنستتیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ

پرۆگرامی میدیای ئازاد

فۆرمی تۆمارکردنی پێشێلکاری بەرامبەر رۆژنامەنووسان

)لە ماوەی ساڵی 2012(

ڕۆژنامەنووسی بەڕێز :- ئەم فۆرمە بەمەبەستی تۆمارکردنی ئەو پێشێلکارییانەیە کە بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان ئەنجامدراوە لە ماوەی ساڵی 2012 دا ، تکایە بەڕێزیشت هەر پێشێلکارییەکت بەرامبەر ئەنجامدراوە ، بەشێوەیەکی زانستی و ورد لەم فۆرمەدا تۆماری بکە تا بتوانین لە ڕاپۆرتی گشتی ساڵانەی (( پرۆگرامی میدیای ئازاد سەر بە ئەنستتیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ )) دەربارەی ( ڕەوشی ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵی 2012 ) دا بڵاوی بکەینەوە .

لەگەڵ ڕێزی تایبەتمان...

-ناوی سیانی ڕۆژنامەنووس: شێروان ئەمین ناسراو بە (شێروان شێروانی)

-جۆری کاری ڕۆژنامەوانییەکەی: سەرنوسەری گوڤاری باشور، بەرپرسی نوسینگەی روژنامەی هاولاتی لە بادینان

-ناوی فەرمی ئەو دەزگایەی کاری لێدەکەیت (ئەگەر سەر بە دەزگایەک بێ): گوڤاری باشور

-ئەو پێشێلکارییەی کە بەرامبەرت کراوە :

هەرەشەلێکردن ( ) دەستگیرکردن ( * ) سوکایەتیپێکردن ( ) زەوتکردنی کەل و پەلی کار ( ) لێدان ( )

زامدارکردن ( ) سوتاندنی ئۆفیس ( ) هەرجۆرە پێشێلکاریەکی تر..:

-بەرواری پێشێلکارییەکە: 20-4-2012

-شوێنی پێشێلکارییەکە: پارێزگای دهوک - ئاکرێ

-لایەنی پێشێلکار: پولیسی ئاکرێ. حکومەتی پارتی

-کاردانەوە و هەڵوێستی دام و دەزگا ڕەسمییەکانی هەرێم بەرامبەر ئەو پێشێلکارییانە:

هەلوێستی رێکخراوە ناحکومیەکان و نێودەولەتیەکان بێ حەد باش بووە ، بەلام ناوخوێ زور لاواز وبگرە بەشێک بوون لە کێشەکە بە تایبەتی وەزارەتی ناوخو ، سەندیکای روژنامەنوسانیش هەندێ شتی تەشریفاتی لە شەرما کردی .

-بەکورتی ئەو پێشێلکارییەی کە بەرامبەرت کراوە ڕوونی بکەرەوە ((بە 50 ووشە)):

بو ئەنستیتیوتی مافەکانی مروڤ لە کوردستان

بابەت | دەستگیرکردن و رفاندن

من روژنامەنوس و سەرنوسەری گوڤاری باشور (شێروان شێروانی) لە بەرواری 20-4-2012 لە سەیرانیکدا لە گەل خانەوادەکەم لە شوێنێکی نیوان ئاکرێ و ئامێدی دەستگیرکرام.

لە لایەن مەفرەزەیەکی بنکەی گولانی ناوەندی ئاکرێ ، بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەخت ، وبەبیانووی هەبوونی سکالام لەسەر بابەتی دیار نەمانی 206 ملیون دیناری عراقی ل شارەوانی ئاکرێ

کە ئیمە لە گوڤاری باشور ژمارەی یەکەمی بەبەلگە لە سەری مان نوسیبوو و رای مدیر شارەوانیشمان وەرگرتبوو، کەچی دوای تێپەربوونی 170 روژ بەسەر بەلاوبوونەوەی بابەتەکە

مەفرەزەیەکی پولییس لە روژێکی پشودا (هەینیدا) بەبێ فەرمانی دادوەر رفێنرام.

دوای دوو روژ لە دەستگیرکردنم بە کەفالەت ئازادکرام.

...............

کەیسی دووەم : هەر دوای ئازادکردنم بە کەفالەت ، یەکسەرە دەستبەسەرکرامەوە بەبیانووی هەبوونی سکالایەکی تر لە لایەن برای سەروکی هەرێمەوە و بو ئەم مەبەستەش منیان لە زیندتانی ئاکرێ هێشتەوە بو دوو روژێتر بەبیانووی اجتماعیکی مدیر شرتەی ئاکرێ لە هەولێر . دوای چوار روژەکەی زیندان لە ئاکرێ منیان بە کەلمچە گواستەوە بو دهوک و لەوێش بو زیندانی هەولێر و لەوێش بو مەسیف و هەمووی شەشە روژ لە زیندان مامەوە . و لە وکەیسەش لە بەرواری 26-4-2012 بە کەفالەتی یەک ملیون ئازادکرام .

من تێناگەم ئەم هەموو تاخیرکردنە لە گواستنەوەم لەم زیندانە بو ئەو زیندانە لە پێناو چی بوو ، ؟؟؟ ئەمەش بە پێشێلکاری دەبینم بەرامبەر بە خوم.

- -ژمارە مۆبایل

-

- -ئیمەیڵ bashurpress@yahoo.com :

-

- ============================

-تێبینی: وەڵامی پرسیارنامەکە بۆ هەمان ئەم ئیمەیڵە بنێرەوە....

- - kihr.imedia@gmail.com

-

-بۆ هەر زانیاری و پرسیارێک تکایە پەیوەندی بکە بەم ژمارە مۆبایلەوە: 07704096864

فۆرمی ژمارە(14)

ئەنستتیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ

پرۆگرامی میدیای ئازاد

فۆرمی تۆمارکردنی پێشێلکاری بەرامبەر رۆژنامەنووسان

)لە ماوەی ساڵی 2012(

رۆژنامەنووسی بەرێز :- ئەم فۆرمە بەمەبەستی تۆمارکردنی ئەو پێشێلکارییانەیە کە بەرامبەر رۆژنامەنووسان ئەنجامدراوە لە ماوەی ساڵی 2012 دا ، تکایە بەرێزیشت هەر پێشێلکارییەکت بەرامبەر ئەنجامدراوە ، بەشێوەیەکی زانستی و ورد لەم فۆرمەدا تۆماری بکە تا بتوانین لە راپۆرتی گشتی ساڵانەی (( پرۆگرامی میدیای ئازاد سەر بە ئەنستتیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ )) دەربارەی ( رەوشی رۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵی 2012 ) دا بڵاوی بکەینەوە .

لەگەڵ رێزی تایبەتمان...

-ناوی سیانی رۆژنامەنووس: گوهدار محمدامین عبدالمجید

-جۆری کاری رۆژنامەوانییەکەی: پەیامنێر

-ناوی فەرمی ئەو دەزگایەی کاری لێدەکەیت (ئەگەر سەر بە دەزگایەک بێ): کەنالی ئاسمانی سپێدە

-ئەو پێشێلکارییەی کە بەرامبەرت کراوە :

هەرەشەلێکردن ( بەلێ ) دەستگیرکردن ( ) سوکایەتیپێکردن ( بە لێ ) زەوتکردنی کەل و پەلی کار ( بە لێ ) لێدان ( ) زامدارکردن ( ) سوتاندنی ئۆفیس ( )

هەرجۆرە پێشێلکاریەکی تر :..هەرەشەکردن لە دایک و باوکم و زامدارکردنی دڵیان

-بەرواری پێشێلکارییەکە :( 2012-11-4) و(2012-5-6)

-شوێنی پێشێلکارییەکە: (بەرێوەبەرایەتی ناحیەی دینارتە) و (پەیمانگای تەکنیکی ئاکرێ)

-لایەنی پێشێلکار:

-کاردانەوە و هەڵوێستی دام و دەزگا ڕەسمییەکانی هەرێم بەرامبەر ئەو پێشێلکارییانە: بە داخەوە هیچ هەڵوێستێک بەرامبەر ئەو پێشلکاریانە نەبوو ، بەلکو بە پێچەوانەوە ئەوە پێ یان خوشبو دەمەوێت ئەوەش روون بکەمەوە کە کاری روژنامەوانی لە دەڤەری ئاکرێ لە ئاستێکی زور خراپ دایە تایبەتی ئەگەر لە کەناڵێکی سەربەخو بیت یان هەر گوڤارو روژنامەیەکی سەربەخو. ولەدەڤەری ئاکرێ حزب زاڵە بەسەریدا و هەرشتێک بەپێ ی بەرژەوەندی خوی تایبەت بەکار دێنێ ئەوەش مەترسیەکی ترە کەلەسەر ئایدولوجی روژنامەنوس هەیە بەبەردەوامی .

-بەکورتی ئەو پێشێلکارییەی کە بەرامبەرت کراوە ڕوونی بکەرەوە ((بە 50 ووشە)):one - ئەو پێشلکاریەی لە ناحیەی دینارتە کاتێک سلایدی جووت سایدێکمان دەگرت ئاسایش هاتە لامان و بە رەوشتێکی دوور لە ئینسانیەت رەفتار یان لەگەڵ ئێمە کرد و دەست بەسەر کەلو پەلمان گرت.

-2پێشلکاری تر ئێمە دەمانەویست روماڵی راپورتێک بکەین لە پەیمانگای تەکنیکی ئاکرێ کە روژی رسومات بوو لە لایەن بەرێوەبەری راگەیاندنی پەیمانگا سوکایەتی بەئێمەی کردوو .نەی هێشت روماڵ بکەین کە چەندین کەناڵی تر لەوێ روماليان دەکرد.

- -ژمارە مۆبایل:

-Guhdarzebari@yahoo.comئیمەیڵ:

-

- ===============================

-تێبینی: وەڵامی پرسیارنامەکە بۆ هەمان ئەم ئیمەیڵە بنێرەوەkihr.imedia@gmail.com ...

-

-بۆ هەر زانیاری و پرسیارێک تکایە پەیوەندی بکە بەم ژمارە مۆبایلەوە: 07704096864

-

فۆرمی ژمارە(15)

ئەنستتیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ

پرۆگرامی میدیای ئازاد

فۆرمی تۆمارکردنی پێشێلکاری بەرامبەر رۆژنامەنووسان

)لە ماوەی ساڵی 2012(

ڕۆژنامەنووسی بەڕێز :- ئەم فۆرمە بەمەبەستی تۆمارکردنی ئەو پێشێلکاریيانەیە کە بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان ئەنجامدراوە لە ماوەی ساڵی 2012 دا ، تکایە بەڕێزیشت هەر پێشێلکارییەکت بەرامبەر ئەنجامدراوە ، بەشێوەیەکی زانستی و ورد لەم فۆرمەدا تۆماری بکە تا بتوانین لە ڕاپۆرتی گشتی ساڵانەی (( پرۆگرامی میدیای ئازاد سەر بە ئەنستتیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ )) دەربارەی ( ڕەوشی ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵی 2012 ) دا بڵاوی بکەینەوە .

لەگەڵ ڕێزی تایبەتمان...

-ناوی سیانی ڕۆژنامەنووس: کامەران نەجم ابراهیم

-جۆری کاری ڕۆژنامەوانییەکەی: فۆتۆگرافەر

-ناوی فەرمی ئەو دەزگایەی کاری لێدەکەیت (ئەگەر سەر بە دەزگایەک بێ): مێترۆگرافی

-ئەو پێشێلکارییەی کە بەرامبەرت کراوە :

هەرەشەلێکردن ( * ) دەستگیرکردن ( * ) سوکایەتیپێکردن ( * ) زەوتکردنی کەل و پەلی کار ( * ) لێدان ( * )

زامدارکردن ( ) سوتاندنی ئۆفیس ( ) هەرجۆرە پێشێلکاریەکی تر..:

-بەرواری پێشێلکارییەکە: 17-02-2012

-شوێنی پێشێلکارییەکە: سلیمانی

-لایەنی پێشێلکار: وەزارەتی ناوخۆ

-کاردانەوە و هەڵوێستی دام و دەزگا ڕەسمییەکانی هەرێم بەرامبەر ئەو پێشێلکاریيانە :

-بەکورتی ئەو پێشێلکارییەی کە بەرامبەرت کراوە ڕوونی بکەرەوە ((بە 50 ووشە)) :

- -ژمارە مۆبایل :
- -ئیمەیڵ :

kamaran’metrography.org

- ==============================

-

-تێبینی: وەڵامی پرسیارنامەکە بۆ هەمان ئەم ئیمەیڵە بنێرەوە kihr.imedia@gmail.com ...

-

-بۆ هەر زانیاری و پرسیارێک تکایە پەیوەندی بکە بەم ژمارە مۆبایلەوە: 07704096864

فۆرمی ژماره(16)

ئەنستتیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ

پرۆگرامی میدیای ئازاد

فۆرمی تۆمارکردنی پێشێلکاری بەرامبەر رۆژنامەنووسان

)لە ماوەی ساڵی 2012(

رۆژنامەنووسی بەرێز :- ئەم فۆرمە بەمەبەستی تۆمارکردنی ئەو پێشێلکارییانەیە کە بەرامبەر رۆژنامەنووسان ئەنجامدراوە لە ماوەی ساڵی 2012 دا ، تکایە بەرێزیشت هەر پێشێلکارییەکت بەرامبەر ئەنجامدراوە ، بەشێوەیەکی زانستی و ورد لەم فۆرمەدا تۆماری بکە تا بتوانین لە راپۆرتی گشتی ساڵانەی (( پرۆگرامی میدیای ئازاد سەر بە ئەنستتیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ )) دەربارەی ( رەوشی رۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵی 2012 ) دا بڵاوی بکەینەوە .

لەگەڵ رێزی تایبەتمان...

-ناوی سیانی رۆژنامەنووس: جەلال ئەحمەد کاکە ئەمین ناسراو بە (جەلال ئەحمەد بەرزنجی)

-جۆری کاری رۆژنامەوانییەکەی: پەیامنێر و وێنەگر

-ناوی فەرمی ئەو دەزگایەی کاری لێدەکەیت (ئەگەر سەر بە دەزگایەک بێ): گۆڤارو ماڵپەری رەگەز، گۆڤاری فەیسبووک

-ئەو پێشێلکارییەی کە بەرامبەرت کراوە :

هەرەشەلێکردن ( * ) دەستگیرکردن ( * ) سوکایەتیپێکردن ( * ) زەوتکردنی کەل و پەلی کار ( )
لێدان ( ) زامدارکردن ( ) سوتاندنی ئۆفیس ( )

هەرجۆرە پێشێلکاریەکی تر : لەدادگای لێکوڵینەوەی هەولێر بە کەفالەت بەبری (1000000) ئ=یەک ملیۆن دینار ئازاد کرام.

-بەرواری پێشێلکارییەکە: 2012/3/12، 2012/5/23، 2012/6/9، 1012/10/7، 2012/11/20، 2012/11/30

-شوێنی پێشێلکارییەکە: شاری هەولێر

-لایەنی پێشێلکار: پاسەوانەکانی کۆسرەت رەسول، سکالای دادگای هونەرمەند نادییە، شوفێرێک لەگەرەکی باداوە، پۆلیسی فریاکەوتن خاڵی کوران، پۆلیسی فریاکەوتن خاڵی بەردەم گۆرستانی شێخ ئەحمەد، پۆلیسی هاتوچۆ چوار ریانیبەردەم نوسینگەی کوردستان تیڤی، پاسەوانەکانی بەردەمی وەزارەتی داد.

-کاردانەوە و هەڵوێستی دام و دەزگا رەسمییەکانی هەرێم بەرامبەر ئەو پێشێلکارییانە: هیچ هەلوێستێکیان نەبوو، وەکو ئەوەی شتێکی لەو شێوەیە نەبوبێت، بەلایانەوە ئاساییە.

-بەکورتی ئەو پێشێلکارییەی کە بەرامبەرت کراوە ڕوونی بکەرەوە ((بە 50 ووشە)) :

- -ژمارە مۆبایل:

-ئیمەیڵ:

-

- ==============================

-تێبینی: وەڵامی پرسیارنامەکە بۆ هەمان ئەم ئیمەیڵە بنێرەوەkihr.imedia@gmail.com ...

-بۆ هەر زانیاری و پرسیارێک تکایە پەیوەندی بکە بەم ژمارە مۆبایلەوە: 07704096864

راسپادەکانی کۆتایی

لەکۆتاییدا ئەم چەند راسپاردەیە بۆ نەهێشتنی پێشێلکایەکان یاخود گەشەپێدانی ئازادی رۆژنامەگەری لەکوردستان ، پێشکەشی هەموو لایەک دەکەین بە هیوای کار لەسەرکردنیان :

-پێویستە هەر چوار لایەن: سەرۆکایەتی هەرێم – ئەنجومەنی دادوەری – سەرۆکایەتی پەرلەمان – سەرۆکایەتی حکومەت ، ئەو راپۆرت و لێکۆڵینەوە و بەدواداچونانەی کەلایەن رێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکانەوە ئەنجام دەدرێ لەسەر رەوشی رۆژنامەنووسی و کەیسەکانی پێشێلکاری بەرامبەر بەرۆژنامەنووسان بەهەند وەربگرن و فەرمان بدەن بەدواداچونی قانونی و جدی بۆ بکرێ و رێگە لە دوبارە بونەوەیان بگیرێ .

-پێویستە راسپاردەکانی کۆنفرانسی نیشتمانی ((دایەلۆگی نێوان دادوەران و رۆژنامەنوسان)) بەهەند وەربگیرێن ببنە بنەمای کاری هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان. ئەم کۆنفرانسە کە لە ژێر دروشمی ((سەروەری یاسایە کی دیموکراسی گرەنتیە بۆ ئازادی رۆژنامەگەری )) ئەنجامدرا، لەلایەن ((ئەنستیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ )) و بەهاوکاری(( وەزراەتی رۆشنبیری و لاوان \ بەرێوەبەرایەتی گشتی راگەیاندن)) و ((بەهەماهەنگی یەکێتی دادوەرانی هەرێمی کوردستان )) لەهەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان ، لەبەرواری 18-19\11\2011 . بەئامادەبوونی زیاتر لە 120 دادوەر و رۆژنامەنووس، جگە لە نوێنەری چەندین دەزگای نیشتمانی و نێودەوڵەتی. .(دەقی راسپاردەکان هاوپێچ کراوە ).

-پێویستە ئەو راسپاردانەی کەلەکۆنفرانسی (گەشەپێدانی ئازادی رۆژنامەگەری لەکوردستان) بەرزکرانەوە بەهەند وەربگیرێن. ئەم کۆنفرانسە کەبەدروشمی پێکەوە بەرەو پاراستنی مافەکانی رۆژنامەنووسان و لەلایەن ئەنستیتیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ و بەهاوکاری ئایرێکسی نێودەوڵەتی لە مارسی (2012) ئەنجامدرا بەبەشداری سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکانی بواری رۆژنامەنوسی

لەکوردستان ، و چەندین راسپاردە و پێشنیاری بۆ هەموو دەسەلأتەکان و ئاستەکان خستە روو کە هەموویان هەنگاوی گرنگن بۆ پاراستنی مافەکانی رۆژنامەنوسان و گەشەپێدانی ئازادی رۆژنامەگەری لەکوردستان .(دەق راسپاردەکان هاوپێچ کراوە ) . پێشنیار دەکەین کە هێڵێکی تەلەفۆنی گەرم و کراوە لەسەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێتەوە تایبەت بۆ رۆژنامەنوسان ، تا لە هەرحاڵەتێکی پشێلکاری یاخود رێگری و ئیشکالیەتێکدا راستەوخۆ رۆژنامەنوسان بتوانن پەیوەندی پێوە بکەن و لەوێشەوە بەدواداچون و چارەسەری راستەوخۆ و خێرا بۆ گرفتەکان بکرێ .

-پێویستە حکومەت هەرێم و کارمەند و بەرپرسەکانی ، بەرپرس و کارمەندی دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش ، تێگەیشتن و رەفتاری خۆیان تەریب و کۆک بکەن لەگەڵ ماف و ئازادیەکانی رۆژنامەنووسان بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان و یاسای رۆژنامەگەری لە کوردستان کەلەسەریان پێویست دەکەن بەیەکسانانە و بە رێزێکی شایستەوە مامەڵە لەگەڵ رۆژنامەنووسان بکەن .

-پێویستە لەکەیسەکانی رۆژنامەنووساندا تەنها کار بەیاسای رۆژنامەگەری لەهەرێمی کوردستان بکرێت لەسەرجەم دادگاکاندا. وە سەرجەم دامەزراوە نیشتمانیەکان بەتایبەت دەزگا ئەمنیەکان جێبەجێی بکەن لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ رۆژنامەنووساندا .

-پێویستە پەرلەمانی کوردستان یاسای ئازادی زانیاریەکان دەربکات بەشێوەیەک لەگەڵ ستاندارده نێودەوڵەتیەکانی مافی دەستخستنی زانیاریەکان و شەفافیەت کۆک بێت. هەورەها پێویستە پەرلەمانی کوردستان کاربکات لەسەر رێکخستنی یاساییانەی فریکوێنسی سپەیس بۆ رێکخستنی پەخشی کەناڵەکانی رادیۆ و تەلەفزیۆن.

-پێویستە کاربکرێ بۆ هێنانەکایەی پەیماننامەی شەرەفی رۆژنامەنووسی لەکوردستان لەپێناو زیاتر قوڵکردنەوەی بنەماکانی پیشەیی بوون لە رۆژنامەگەری لەکوردستاندا.

-پێشنیاردەکەین زانیاری و داتاکانی ناو ئەم راپۆرتە بەهەند وەربگیرێ و بەدواداچوونی جدی بۆ کەیسی پێشێلکاریەکان دژ بەرۆژنامەنوسان بکرێ ، و سنورێک بۆ پێشێلکاری بەرامبەر ئازادی ومافەکانی رۆژنامەنوسان و میدیاکاران لەکوردستان دابنرێ.

پرۆفایل

ئەنستتیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ(KIHR)

رێکخراوێکی ناحکومی کوردستانی سەربەخۆیە، کاردەکات لەپێناو پاراستن و پەرەپێدانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان بەتایبەت و عێراق بەگشتی ، ساڵی (2005) دامەزراوە . کاردەکات لە بوارەکانی: مافی مرۆڤ بەگشتی ،حوکمرانی باش ، کۆمەڵگای مەدەنی ، لاوان و گەشەپێدانی مرۆیی ،و ئازادی میدیا .

پرۆگرامی میدیای ئازاد یەکێکە لەپرۆگرامە سەرەکیەکانی و کاردەکات لەسەر چاودێری کردنی ئازادی رۆژنامەگەری و مافەکانی رۆژنامەنوسان و تۆمارکرکردنی پێشێلکاریەکان و بەراپۆرتکردنیان و بڵاوکردنەوەیان . لەگەڵیشیدا کاردەکات لەسەر گەشەپێدانی توانا و بەهرەکانی رۆژنامەنوس و میدیاراکان .

(KIHR) لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا بەهاوکاری و هەماهەنگی دامودەزگا نێودەوڵەتی و هەندێ لە دەزگا ناوخۆییەکان چەندین پرۆژە و پرۆگرامی لەو بوارانەی سەرەوە ئەنجامداوە و تا ئێستاش بەردەوامە .

ئەم راپۆرتە بریتیە لە پێنجەمین راپۆرتی ساڵانەی (پرۆگرامی میدیای ئازاد) سەر بە (ئەنستتیوتی کوردستان بۆمافەکانی مرۆڤ) تایبەت بەئازادی رۆژنامەگەری و مافەکانی رۆژنامەنوسان ، لەماوەی ( 5 ) ساڵی رابردوودا لە کوردستان .

ئۆفیسی گشتی:

هەرێمی کوردستان \هەولێر – 40 مەتری \ئەندازیاران

مۆبایل : 009647504272229

تەلەفۆن :0096466253622

ئیمەیلkihr2005@yahoo.com:

وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان ئەنستتیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ یەکێتی دادوەرانی
هەرێمی کوردستان بەرێوەبەرایەتی گشتی راگەیاندن پرۆگرامی میدایی ئازاد

))سەروەری یاسایەکی دیموکراسی گرەنتیە بۆ ئازادی رۆژنامەگەری((

کۆنفرانسی نیشتمانی

)دایەلۆگی نێوان دادوەران و رۆژنامەنووسان لە کوردستان(

هەولێر

18-19\11\2011

ڕاسپاردەکانی کۆنفرانس

ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی نیشتمانی

دایەلۆگی نێوان دادوەران و رۆژنامەنوسان

بۆ بەرێزان:

-سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان

-ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان

-سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان

-پەرلەمانی کوردستان

-سەندیکا و رێکخراوەکانی بواری راگەیاندن و ئازادی رۆژنامەگەری

-سەرجەم رۆژنامەنووسان و دام و دەزگاکانی میدیا

-دام و دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش

-رای گشتی کوردستان

دوای کۆتایی هاتنی سەرکەوتوانەی کۆنفرانسی نیشتمانی ((دایەلۆگی نێوان دادوەران و رۆژنامەنوسان)) لە ژێر دروشمی ((سەروەری یاسایە کی دیموکراسی گرەنتیە بۆ ئازادی رۆژنامەگەری )) کە لەلایەن ((ئەنستتیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ )) و بەهاوکاری(( وەزراەتی رۆشنبیری و لاوان \ بەرێوەبەرایەتی گشتی راگەیاندن)) و ((بەهەماهەنگی یەکێتی دادوەرانی هەرێمی کوردستان )) لەهەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان لەبەرواری 18-19\11\2011 ئەنجامدرا، بەئامادەبوونی زیاتر لە 120 دادوەر و رۆژنامەنووس، جگە لە نوێنەری چەندین دەزگای نیشتمانی و نێودەوڵەتی ...دوای پێشکەشکردنی ووتەی هەر یەک لە حکومەتی هەرێمی کوردستان \وەزراەتی رۆشنبیری و یەکێتی دادوەرانی هەرێمی کوردستانی عێراق و کونسوڵگەری گشتی ووڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەهەولێر و سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستان و ئەنستتیوتی کوردستان بۆمافەکانی مرۆڤ ...راپرسیەکی مەیدانی لەسەر مافەکانی رۆژنامەنووسان خرایە روو کە لەماوەی رابردوو دا لەسەر تاسەری هەرێم ئەنجامدرابوو ...دواتریش دوای دوو رۆژ لە

گفتووگۆی چڕوپڕ و کراوه و بابەتی لە لایەن لایەنە بەشداربوەکانی کۆنفرانسەوە لەسەر تەوەرەکانی پەیوەست بە مافەکانی ڕۆژنامەنووس لەدادگاکان و پابەندبوون بە یاسای کاری ڕۆژنامەگەری لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان و شەفافیەت لەکاری ئەو دادگایانە و هەروەها ماف و ئەرکەکانی ڕۆژنامەنوس بەپێی یاسای کاری ڕۆژنامەگەری ...بەهەمان شێوە ڕۆڵی هەریەک لە دادوەر و داواکاری گشتی و لایەنەکانی جێبەجێکاری دادوەری (پۆلیس)و لایەنە پەیوەندیدارەکان بە ڕۆژنامەنوسان و ئازادی ڕۆژنامەگەری لە پاراستنی مافەکانی ڕۆژنامەنووساندا ....بەشداربوانی کۆنفرانس گەیشتن بە چەند ڕاسپاردەیەک بۆ چەندین لایەنی جیا جیا بەئامانجی ئەوەی ببێتە بنەمایەک بۆکاری داهاتوویان بەئاراستەی پاراستن و پەرەپێدانی ماف و ئازادیەکانی ڕۆژنامەنووسان لەهەرێمی کوردستان.

ئەمەی خوارەوەش دەقی ڕاسپاردەکانە:

ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی نیشتمانی

دایەلۆگی نێوان دادوەران و ڕۆژنامەنوسان

یەکەم : لەسەر ئاستی گەشەپێدانی زەمینەی یاسایی بۆ کاری ڕۆژنامەگەری ئازاد:

ڕاسپاردە بۆ پەرلەمانی کوردستان:

-1پێویستە یاسای کاری ڕۆژنامەگەری لەپەرلەمانی کوردستان هەموار بکرێتەوە بەئاراستەی زیاتر دابینکردنی ماف و ئازادیەکانی ڕۆژنامەنووسان بەم شێوەیەی خوارەوە :

) (1غرامە) پێبژاردن کەمبکرێتەوە ، زۆرترین (أعلی) سزا دیاری بکرێت وە کەمترین (أدنی) بۆ دادوەر دابنرێت

(2مەسەلەی (توقیف) ڕاگرتن بە دەق لە یاساکەدا زیاد بکرێت کە نەمێنێت.

(3لە برگەی سێیەمی ماددەی حەوتەم ئەم بڕگەیە زیاد بکرێت (بەمەرجێک بە نهێنی بمێنێتەوە و بپارێزرێت.(

(4لە بڕگەی نۆیەم پێشنیار دەکەین:

(aبیمەی تەندرووستی بۆ ڕۆژنامەنووس زیاد بکرێت.

(bپابەندبوونی ڕۆژنامەنووسان وەکو ئەرکێک بە چەمکە گشتییەکانی مافی مرۆڤ زیاد بکرێت.

(cغەرامەکان بەشێوەیەکی گشتی کەم بکرێنەوە.

(dدووبارەبوونەوە لە بڕگەی سێیەم ماددەی نۆیەم نەمێنێت.

-2دامەزراندنی دادگایەکی تایبەتمەند بە دادگاییکردنی ڕۆژنامەنووسان و دادوەری شارەزا لە یاساکانی ڕۆژنامەگەری بۆ دابنرێت.

-3داوا لە پەرلەمانی کوردستان دەکەین هەرچی زووە پرۆژەیاسای (گەیشتن بەسەرچاوەکانی زانیاری) پەسند بکات.

-4داوا لە پەرلەمانی کوردستان دەکەین کە یاسای تەبلیغاتی سەربازی ژمارە (106) و هەروەها ماددەی (136\ب) لە یاسای أصولی محاکماتی جزائی هەڵوەشێنێتەوە کە (حصانە) دەداتە ئەندامانی سوپا و ئاسایش و پۆلیس و ماف دەداتە وەزیری ناوخۆ کە ڕێگری بکات لە ئامادەکردنی بەرێوەبەرە گشتییەکان و فەرمانبەرانی وەزارەت لەبەردەم دادگا... چونکە ئەو یاسا و ماددەیە لەلایەن ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق هەڵوەشاوەتەوە.

-5داوا دەکەین پەرلەمانی کوردستان چاودێری جێبەجێکردنی یاسای کاری ڕۆژنامەگەری و پاراستنی مافەکانی ڕۆژنامەنووسان بکات لەدادگاکان.

دووەم : لەسەر ئاستی پاراستنی مافەکانی رۆژنامەنووس لەدادگاکان پێویستە:

راسپاردە بۆ دەسەڵاتی دادوەری لەهەرێمی کوردستان

1.ئاگادارکردنەوەی لایەنی جێبەجێکار کە هەڵسووکەوتی ناشرین نەکات لەگەڵ رۆژنامەنووسان. وە رێز لە دادوەران و بڕیارەکانیان بگرێت.

2.هەر دۆسیەیەکی رۆژنامەنووسی لەدادگا تەنها بە یاسای رۆژنامەنووسی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. لەحاڵەتی دادگاییکردندا کار بەهیچ یاسایەکی دیکە نەکرێت.

3.دادوەران و رۆژنامەنووسان تەواو پابەند بن بە یاسای کاری رۆژنامەنووسی لەهەرێمی کوردستان.

4.لە سەندیکای رۆژنامەنووسان دەستەیەکی راوێژکاری هەبێت بۆ چاوخشاندن بە هەرداوایەکی رۆژنامەنووسان لە دادگا ، ئەگەر سکاڵای لەسەر تۆمار کرابێت بێت یان سکاڵای کردبێت.

5.سەندیکای رۆژنامەنووسان وەڵامی هەبێت بۆ هەر (تبلیغ) ئاگادارکردنەوەیەکی دادگا.

6.(تعصف) نەکرێ لە یاسا بەرامبەر بە رۆژنامەنووسان لەلایەن دادوەرانەوە.

7.داوای یاسایی یان کەیسی رۆژنامەنووسان لە دادگاکان زوو تەواو بکرێت و یەکلایی بکرێتەوە واتە ئەولەویاتی پێبدرێت.

8.دادوەران پێویستە بڕیاری ئاگادارکردنەوەی ئامادەبوون (استقدام) دەربکەن نەک فەرمانی دەستگیرکردن.

9.سزای ماددی غەرامە بکرێت بە فەرمانگەی جێبەجێکاری کە رێکاری یاسایی دەگرێتەبەر سەرەنجام بەبەش غەرامە دەردەکات.

10.جەختکردن لەسەر سەربەخۆیی دادگا کەپێویست دەکات دادگا تەنهاوتەنها لە دەستی ئۆرگانی پەیوەندیداردابێت و رێگرتن لە دەستتێوەردانی حیزب و حکومەت لە کاروباری دادگاکاندا.

11.پێویستە میکانیزمێکی خێرا دیاریبکرێت بۆ گەیاندنی یاساکان بە دادگاکان لە کاتێکی پێوانەییدا.

12.لەدادگاکاندا و مامەڵە و کەسی تایبەت بە بواری رۆژنامەنووسان هەبێت. وەرێز لە کەسایەتی رۆژنامەنووس بگیرێت.

13.برگەی دووەمی ماددەی حەوتەمی یاسای کاری رۆژنامەگەری ببێتە بنەمای مامەڵەکردنی دادگا و لایەنە پەیوەندیدارەکان لەگەڵ رۆژنامەنووسان.

لەسەر ئاستی کاراکردنی رۆڵی داواکاری گشتی

.14بەپێی ماددەی (789) ی دەستووری عێراق و ماددەی (77) ی پرۆژە دەستووری هەرێمی کوردستان داواکاری گشتی ببێتە پێکهاتەیەک لە پێکهاتەکانی دەسەڵاتی دادوەری ، بۆئەوەی بتوانێت ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی ببینێت.

.15ئەنجوومەنی دادوەری  گرنگی پێویست بدات بە تێکەڵبوون وئاشنابوون بە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و پێدانی زانیاری زیاتر لەو بوارانەی کە یاسا ڕێگەی پێداوە بۆ ئاشنابوون و قوڵبوونەوەی زیاتر لەکاروباری ڕۆژنامەنووسان.

.16پێناسەی داواکارێتی گشتی یەکلابکرێتەوە و پەیوەست بکرێت بە ئەنجوومەنی دادوەری کە چەتری دەسەڵاتی دادوەرییە لە هەرێمی کوردستان.

.17سەربەخۆیی و ئەکتیف کردنی داواکاری گشتی هۆکارێکی سەرەکییە بۆ پاراستنی ئازادی ڕۆژنامەگەری ، بەو پێیەی کە کاری داواکاری گشتی چاودێریکردنی چاک پیادەکردنی یاساکانە.

.18بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییەکان و ڕاگەیاندن لە سەرۆکایەتی داواکاری گشتی بکرێتەوە بۆئەوەی ببێتە پردێک لەنێوان ڕۆژنامەنووسان و داواکاری گشتی.

سێهەم : لەسەر ئاستی قوڵکردنەوەی پرۆفیشناڵیەتی لە پیشەی ڕۆژنامەنووسیدا.

ڕاسپاردە بۆ ڕۆژنامەنووسان و دەزگاکانی میدیا

-1ڕۆژنامەنووس باج هەڵگرێت لەو شوێنانەی کاری پێیەتی یان سەردانی دەکات.

-2ڕۆژنامەنووسان خۆیان گەشەبە هۆشیاری یاسایی خۆیان بدەن و ئاگاداری یاسای کاری ڕۆژنامەگەری و برگە و بنەماکانی بن .

-3پێویستە دەزگاکانی میدیا ئاستی پرۆفیشناڵێتی ڕۆژنامەنووس و میدیاکارەکانیان گەشەپێبدەن تا کارەکانیان بەپێی پێوەرە جیهانیەکان بێت.

-4ڕێکخراوە نیشتمانی و نێودەوڵەتیەکان کارایانەتر و کارمەیانەتر کاربکەن لەسەر گەشەپێدان و بەرزکردنەوەی ئاستی پرۆفیشناڵێتی میدیاکاران لەکوردستان.

چوارەم  : لەسەر ئاستی  پاراستن و پەرەپێدانی مافەکانی ڕۆژنامەنووسان

ڕاسپاردە بۆ   لایەنەکانی پەیوەست بەپیشە و مافەکانی ڕۆژنامەنووس

-1پێکهێنانی کۆمیتەی هەماهەنگ لەنێوان داواکاری گشتی و یەکێتی دادوەران و سەندیکای ڕۆژنامەنووسان و ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکان بۆ ئەنجامدانی چالاکی هاوبەش و بەدواداچوونی کێشەکان.

-2ئەنستتیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ بە هاوکاری دەزگاکانی تر کۆنتاکتی هەبێت لەگەڵ هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بۆ کردنەوەی خول بۆیان لە هەموو بوارەکاندا بە تایبەتی بوارەکانی مافی مرۆڤ وە بە تایبەتی تر ئەوەی پەیوەندی بە کاری ڕۆژنامەگەرییەوە هەیە.

-3پێشنیار دەکەین بۆ هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ جیاکردنەوەی پۆلیسی دادوەری لە پەیکەری وەزارەتی ناوخۆ ، وە پەیوەستکردنی بە ئەنجوومەنی دادوەرییەوە و بۆ ئەو مەبەستە لەهەموو ڕووەکانەوە تایبەتمەندێتی ئەو دەزگایە دیاری بکرێت.

-4پێشنیار دەکەین بۆ لایەنی پەیوەندیدار کە لە هەڵبژاردنی کارمەندانی هێزەکانی ناوخۆدا خەڵکانی خاوەن بڕوانامە دابمەزرێنن.

-5پێشنیار دەکەین بۆ دامەزراندنی پۆلیسی قەزایی چالاک .

لەکۆتاییدا هەمومان جەخت لە سەر پابەندبوون بە مافەکانی مرۆڤ و لەنێویشیاندا مافی ئازادی ڕادەربڕین و رۆژنامەگەری دەکەینەوە و وەک پێوەرێک بۆ سەرجەم مافەکانی مرۆڤ بە پرەنسیپێکی پیرۆز و سازش هەڵنەگری دەزانین و دەبێت بەهەمووومان بەیەکەوە و هەرکەس بەپێی پسپۆری و لەبواری خۆیدا کار لەسەر پاراستن و پەرەپێدانی بکەین.

بەشداربوانی

کۆنفرانسی نیشتمانی

)دایەلۆگی نێوان دادوەران و رۆژنامەنووسان لە کوردستان(

هەولێر \ ئوتێل نۆبڵ

19\11\2011

ئەنستتیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ رێکخراوی ئایرێکسی نێودەوڵەتی

پرۆگرامی میدیای ئازاد

)) پێکەوە بەرەو پاراستنی مافەکانی رۆژنامەنوسان((

کۆنفرانسی نیشتمانی

))گەشەپێدانی ئازادی رۆژنامەگەری لە کوردستان((

هەولێر

18-19 \3\2012

ڕاسپاردەکانی کۆنفرانس

ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی نیشتمانی

)) گەشەپێدانی ئازادی رۆژنامەگەری لە کوردستان((

بۆ بەرێزان:

-سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان

-سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان

-سەرۆكایەتی حكومەتی هەرێمی كوردستان

-ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی كوردستان

-سەندیكای رۆژنامەنوسانی كوردستان

-سەنتەری میترۆ بۆ داكۆكی لە رۆژنامەنوسان

-ئەنستتیوتی كوردستان بۆمافەكانی مرۆڤ

-سەرجەم رێكخراوە مەدەنیەكان

-سەرجەم رۆژنامەنووسان و دام و دەزگاكانی میدیا

-دام و دەزگاكانی پۆلیس و ئاسایش

-رای گشتی لە كوردستان

لە ژێر دروشمی ((پێكەوە بەرەو پاراستنی مافەكانی رۆژنامەنوسان )) لەرۆژانی 18-2012\3\19 لەهەولێری پایتەختی هەرێمی كوردستان ، كۆنفرانسی نیشتمانی ((گەشەپێدانی ئازادی رۆژنامەگەری لە كوردستان )) لەلایەن ((ئەنستتیوتی كوردستان بۆ مافەكانی مرۆڤ )) و بەهاوكاری(( رێكخراوی ئایرێكسی نێودەولەتی )) بەبەشداری 100 لایەن ئەنجامدرا, كە پێكهاتبوون لە نوێنەرانی پەرلەمان و حكومەت و دادگا و دەزگا ئەمنیەكان و دادوەران و رۆژنامەنووسان و رێكخراوەكانی بواری رۆژنامەگەری و ئازادی رادەربرین ، جگە لە نوێنەری چەندین دەزگای نیشتمانی و نێودەولەتی تر . ...دوای پێشكەشكردنی ووتەی هەر یەك لە: پەرلەمانی كوردستان لەلایەن بەرێز سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان و حكومەتی هەرێمی كوردستان \وەزراەتی رۆشنبیری و كونسولگەری گشتی وولاتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا لەهەولێر و سەندیكای رۆژنامەنوسانی كوردستان و ئەنستتیوتی كوردستان بۆمافەكانی مرۆڤ ... دەستكرا بە پێشكەشكردنی چەندین راپۆرت و توێژینەوەی تایبەت بە پێشێلكاریەكان بەرامبەر رۆژنامەنوسان و كێشەكانی رۆژنامەنوسی لەكوردستان و واقع و ئیشكالیەتە یاسایی و سیاسیەكان و چارەسەریان ...دواتریش دوای دوو رۆژ لە گفتووگۆی چڕوپڕ و كراوە و بابەتی لە لایەن لایەنە بەشداربوانی كۆنفرانسەوە لەسەر تەوەرەكانی كۆنفرانس بەتایبەت ئەوەی پەیوەستە بەگەشەپێدانی ئازادی رۆژنامەگەری لەكوردستان و نەهێشتنی پێشێلكاریەكان بەرامبەر رۆژنامەنوسان و سزادانی یاسایی ئەوانەی بەم تاوانانە هەلدەستن بەهاوكاری و هەماهەنگی هەمووولایەنەكان بەیەكەوە ....بەشداربوانی كۆنفرانس گەیشتن بە چەند راسپاردەیەك لە سەر چوار ئاست بەئامانجی ئەوەی ببێتە بنەمایەك بۆكاری داهاتوویان بەئاراستەی گەشەپێدانی ئازادی رۆژنامەگەری لەهەرێمی كوردستان.

ئەمەی خوارەوەش دەقی راسپاردەكانە:

راسپاردەكانی كۆنفرانسی نیشتیمانی

)گەشەپێدانی ئازادی رۆژنامەگەری لە كوردستان(

یەكەم \\ لەسەر ئاستی چالاككردنی دەسەلاتی دادوەری و دادگاكان بۆ نەهێشتنی پێشێلكارییەكان

-1چەسپاندنی سەربەخۆیی دادگاكان، و دانانی دادوەرەكان لەسەر بنەمای توانست و شارەزایی.

-2سەروەری یاسا، سەروەركردنی یاسا بەشێوەیەك لە هەموو دادگاكان یاساكان بە هەمان شێوە پەیرەو بكرێت و لەكەیسەكانی رۆژنامەنوساندا تەنهاكار بەیاسای رۆژنامەگەری لەهەرێمی كوردستان بكرێت لەسەرجەم دادگاكاندا.

-3كردنەوەی هۆبەی پارێزەرانی تایبەت بە رۆژنامەنووسان لە شارەکاندا .

-4دادوەری تایبەتمەند بۆ بینینی کەیسی رۆژنامەگەری لە دادگاکاندا دابندرێت .

-5دروست کردنی بۆردێکی هاوبەش لە شێوەی ژوورێکی هەماهەنگی لە نێوان پەرلەمان و ئەنجومەنی دادوەری و دەسەڵاتی جێبەجێکردن و کەناڵەکانی راگەیاندن ورێکخراوەکانی بواری رۆژنامەگەری و ئازادی دەربرین بۆ بەدواداچوون و نەهێشتنی ئەو کێشانەی دێنە بەردەم رۆژنامەنوسان بەهەماهەنگی و هاوکاری هەموو لایەک.

دووەم \\ لەسەر ئاستی  چالاککردنی پەرلەمان بۆ نەهێشتنی پێشێلکارییەکان

-6پەرلەمانی کوردستان بە مامەڵەی خۆیدا بچێتەوە لەگەڵ میدیا و میدیا کاراندا.

-7پەرلەمانی کوردستان لە رێگەی لیژنەکانییەوە بەدواداچوون بکات بۆ حاڵەتەکانی کارنەکردن بە یاسای کاری رۆژنامەوانی.

-8پەرلەمانی کوردستان پرۆژە یاسای دەستخستنی مافی زانیاری دەربچوێنێت بەشێوەیەک لەگەڵ ستانداردە نێودەوڵەتیەکانی ئازادی زانیاریەکان و شەفافیەت کۆک بێت .

-9پەرلەمانی کوردستان یاسای فریکوێنسی سپەیس بۆ رێکخستنی پەخشی کەناڵەکان دەربچوێنێت .

-10لەناو پەرلەمانی کوردستان لیژنە یاخود دەستەیەک پێکبهێندرێت بە میکانیزمێکی گونجاو بەدواداچوون بۆ پێشێلکارییەکان بەرامبەر رۆژنامەنووسان بکات.

-11راپۆرتی رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و دامەزراوەکانی تایبەت بە داکۆکیکردن لە مافی رۆژنامەنووسان، کە تایبەتن بە پێشێلکاری لەلایەن پەرلەمانەوە بە هەند وەربگیرێت و بخرێتە ئەجێندای کۆبوونەوەکانی پەرلەمان.

-12پەرلەمانی کوردستان چاودێر بێت بەسەر وەزارەتەکانەوە، بۆئەوەی هیچ رێنماییەک بە پێچەوانەی یاسای کاری رۆژنامەوانی دەرنەچوێنن .

-13جیاکردنەوەی دەستەی داواکاری گشتی لەوەزارەتی داد و بەستنەوەی بە ئەنجومەنی باڵای دادوەری و گۆڕینی ناوی داواکاری گشتی بە نوێنەرایەتی گشتی .

سێهەم \\ لەسەر ئاستی چالاککردنی  دەسەڵاتی راپەراندن بۆ نەهێشتنی پێشێلکارییەکان

)) سەرۆکایەتی هەرێم، سەرۆکایەتی حکومەت، وەزارەتی ناوخۆ و پۆلیس و ئاسایش((

-14دەرکردنی پەیامێک لە سەرۆکایتی هەرێمەوە بۆ حکومەت و وەزارەتی ناوخۆ و یەکە ئیدارییەکان و پۆلیس و ئاسایش، کە بە رێزەوە مامەڵە لەگەڵ رۆژنامەنووسان بکەن.

-15جگە لە پۆلیس هیچ دەزگایەکی ئەمنی بۆی نەبێت رۆژنامەنووس بانگ بکات ئەویش تەنیا بە فەرمانی دادوەر دەبێت.

-16بوونی باجێکی تایبەت کە رۆژنامەنووسی پێ بناسرێتەوە.

-17لەکاتی ئەنجامدانی هەڵسوکەوتێکی نەشیاو و نایاسایی لەلایەن کارمەندانی پۆلیس و یەکە ئیدارییەکان لە بەرامبەر رۆژنامەنووس، لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت و بەپێی هەڵسوکەوتەکە سزا بدرێن .

-18بەهیچ شێوەیەک دەزگای حزبی بۆی نەبێت دەست وەربدات لە کەیسی رۆژنامەنووسان و لە پۆلیس و دادگاکان.

-19کاری رۆژنامەنووسی تێکەڵ بە سیاسەت نەکرێت و دەبێت حکومەت بە یەک چاو لێیان بڕوانێت و مامەڵە لەگەڵ رۆژنامەنووساندا بکات بەشێوەیەکی یەکسانانە.

-20رووماڵکردنی چالاکی و وەرگرتنی زانیاری بۆ هەموو رۆژنامەنووسان و کەناڵەکانی راگەیاندن وەک یەک بێت و جیاوازی نەکرێت.

-21پەلەکردن لە ئامادەکردنی یاسایەک بۆ دامەزراندنی دەستەی گشتی کاری راگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا، بە جۆرێک دەستەکە سەر بە پەرلەمانی کوردستان بێت .

چوارەم \\ لەسەر ئاستی چالاککردنی کۆمەڵگای مەدەنی و میدیاکان  بۆ نەهێشتنی پێشێلکارییەکان

-22ئەنجامدانی خولی تایبەت بە (رۆژنامەنووسان و پۆلیس، هوشیاری یاسایی، خولی پیشەیی بۆ رۆژنامەنووسان، مافەکانی مرۆڤ) پێویستە بەبەردەوامی و بەچڕی هەبن.

-23بۆ رێگرتن لە بەردەوامبوونی پێشلکارییەکان، نابێت تەنیا بە بەیاننامە وازبهێندرێت بەڵکو لەکاتی پێویستدا نارەزایی وکەمپین و خۆپیشاندان رێکبخرێت و راستەوخۆ بەدواداچوون بۆ کەیسی پێشێلکاری رۆژنامەنووسان ئەنجامبدرێت.

-24دەرکردنی پەیماننامەی شەرەفی رۆژنامەنووسان وپابەندبوون پێیەوە.

-25وردبینی کردن لە کەیسی پێشێلکارییەکان بەر لە بڵاوکردنەوەی لە راپۆرتەکاندا.

-26لەناو کەناڵەکانی راگەیاندندا جیاوازی رەگەزی نەهێڵدرێت.

-27رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پشتیوانی لەو بەها مرۆییانە بکەن کە دەزگاکانی راگەیاندن پەرەی پێدەدەن، لەوانەش: بەهای ئازادی و مافەکانی مرۆڤ و مافی بڵاوکردنەوە و دەربڕین     .

-28دەزگاکانی راگەیاندن گەشە بە بنەمای بەدەزگایی بوون بدەن لەپێکهاتە و پەیکەر و چالاکیەکانی خۆیاندا.

لە کۆتاییدا هەمومان لەگەڵ ئیدانەکردنی  توندی سەرجەم ئەو پێشێلکاریانەی کە بەرامبەر رۆژنامەنوسان کراوە و دەکرێت , جەخت لە سەر پابەندبوون بە رێزگرتن لە  مافەکانی رۆژنامەنوسان دەکەینەوە وەک مەرجی پێشوەختی ئازادی دەربرین  و بنەمای ئازادی رۆژنامەگەری لەکوردستان . لێرەشەوە داواکارین هەمومان بەیەکەوە و هەرکەس بەپێی بوار و پسپۆری خۆی بەرپرسیارێتی بگرێتە ئەستۆ لەو بارەیەوە , وکاربکات بۆ نەهێشتنی ئەو پێشێلکاریانەی بەرامبەر رۆژنامەنوسان دەکرێت ... بەڵکو بە هاوکاری و هەماهەنگی کاری چر و زانستیانە بکەین بۆ چەسپاندنی تەواوی ئازادی رۆژنامەگەری لەکوردستان بەپێی ستاندارده نێودەوڵەتیەکان .

بەشداربوانی

کۆنفرانسی نیشتمانی

)گەشەپێدانی ئازادی رۆژنامەگەری لە کوردستان(

هەولێر \ ئوتێل چوارچرا

19\3\ 2012